دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٦٥٣، پێنج شەممە، ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٤، ٢١ی مای ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**سکرتێری حیزبی دێموکرات و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان کۆبوونەوە**

*

**شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لە ناوەندێکی بازرگانی ئامریکا کرد**

*

**نەسرین قاسملوو هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی دەربڕی**

ل٢



وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری لەگەڵ گۆڤاری سڤیل

٤



پاش ڕێککەوتنی کۆتایی، چاوەڕوانییەکانی خەڵک زیاد ...

٦



کەمپ دەیڤید و نیگەرانییەکانی وڵاتانی عەرەبی

٨



هەڵبژاردنەکانی تورکیە لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حیجابدا

٩

# هاواری مەهاباد گەرووی کوردستانی تەنی



دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەپێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران و هەروەها سەرکوت و تاوانەکانی ڕێژیم لە کوردستان، ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە.

لەم ڕاگەیەنراوەدا داوا لە سەرجەم ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، دامەزراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ کراوە کە لەهەمبەر چارەنووسی دەستبەسەرکراواندا دەنگ هەڵبڕن و بە دانی زانیاری زیاتر لەمەڕ ڕێژەی دەستبەسەرکراوان و هەڵسوکەوتی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زیندانیەکان، یارمەتیدەر بن تاکوو هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدژی نەتەوەی کورد و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بگات.

لەم ڕاگەیەنراوەدا هەروەها داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان، بەتایبەت چالاکانی نێوخۆی وڵات و سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلی کورد کراوە کە بەشێوەیەکی بەربڵاوتر و بە هەنگاوی کردەیی زیاتر بۆ ئازادکردنی دەستبەسەرکراوان هەوڵ بدەن و بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ڕەوتی ڕاوەدوونان، گرتن و زیندانی کردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان ٢١٨ کەس لە لایەن هێزە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بریندار و دەستبەسەر کراون.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستانمیدیا، پاش ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی مەهاباد سەبارەت بە مەرگی گوماناویی فەریناز خۆسرەوانی فەرمانبەری هۆتێل تارا، ناڕازیان لەگەڵ دژکردەوەی توندی هێزە ئەمنیەتییەکان بەرەوڕوو بوونەوە کە لەکۆتاییدا دەیان کەس لە ناڕازییان دەستبەسەر کران.

دوایین ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی ڕێژیم لە مەهاباد بە چەکی ساچمەیی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە و بارودۆخی جەستەیی هەندێك لە برینداران جێگەی نیگەرانییە و تەنانەت هەندێك لە بریندارەکان زیاتر لە ٤٠ ساچمەیان بەرکەوتووە.

بەشێکی بەرچاو لە بریندارەکان بەهۆی کەشی ئەمنیەتی زاڵ و لە ترسی دەستبەسەرکران لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە نەیانتوانیوە سەردانی ناوەندە تەندروستییەکان بکەن.

ئەم ناڕەزایەتییانە لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش لەوانە سەردەشت و سنە ڕووی داوە کە خۆپیشاندەران لەگەڵ دژکردەوەی توندی هێزە ئەمنیەتییەکان بەرەوڕوو بوونەوە و لە ئەنجامیشدا کۆمەڵێك لە هاووڵاتیانی ئەم شارانەش دەستبەسەر کراون.

هاوکات لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی مەهاباد، هاووڵاتیانی کورد بۆ پشتیوانی کردن لە خەڵکی مەهاباد لە چەندین شاری کوردستانی ئێران لەوانە، سنە، سەقز، مەریوان و سەردەشت کۆبوونەوەی ناڕەزاییەتییان بەڕێوە بردووە.

هێشتا بەڕوونی ئامارێکی ورد لەسەر ڕێژەی دەستبەسەرکراوانی ئەم دواییانەی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان لە مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان، زیاتر لە ١٥٠ کەس لە لاوان و خەڵکی مەهاباد و زیاتر لە ٣٠ کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت و شارەکانی دیکە بانگهێشت یان دەستبەسەر کراون.

هەروەها لەپێوەندی لەگەڵ ڕوداوەکانی مەهاباد و شارەکانی کوردستانی ئێران، هاووڵاتیانی کورد لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك، سۆران، کەلار، کەرکوك و سەیدسادقی باشووری کوردستان بە وەڕێخستنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی پشتیوانی خۆیان لە داواکاریی ناڕازییانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.

هەر لەم پێوەندییەدا ڕێکەوتی بیستی بانەمەڕ، لە پارکی «سامی عەبدوڕەحمان» لە هەولێر و لەبەردەم پارلمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیی بەڕێوەچوو.

لە شارەکانی دیاربەکر، هەکاری و باتمانی باکووری کوردستانیش هاووڵاتیانی کورد بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی و هاودەنگی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی ئێران چەند خۆپیشاندانێکیان وەڕێخست.

لە شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش، هاووڵاتیانی کورد بۆ پاڵپشتی کردن لە خەڵکی مەهاباد، لە شارەکانی کۆبانێ، قامیشلوو و عامۆدا دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی.

لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا هاووڵاتیانی کورد لە شارەکانی وەك لۆس‌ئانجلێس، لەندەن، ئیستۆکهۆڵم، پاریس، کۆپێنهاگ و بێرلین پشتیوانییان لە ناڕەزایەتیی دەربڕینەکانی شاری مەهاباد کرد.

لەم پێوەندییەدا حیزبی دێمۆکراتیکی ئەحواز و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیش بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو پشتیوانییان لە ناڕەزایەتییە مەدەنییەکانی خەڵکی مەهاباد کرد.

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

گیان لەدەست دانی فەریناز خوسرەوانی لە شاری مەهاباد، ناڕەزایەتی دانیشتوانی شار و هەموو خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە. لە مەهاباد و سەردەشت خەڵك ڕژانە شەقامەکان و لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دەستەوئێخە بوون. لە شاری سنە دووکان و بازاڕ داخرا و لە شارەکانی دیکەش خەڵك بە شێوەی جۆراوجۆر هاوسۆزیی خۆیان دەربڕی کە چەندین بریندار و گیرانی زۆر کەسی لە مەهاباد و سەردەشتی بە دواوە بوو. بەڵام هاونیشتمانان بۆچی ئەم شێوە لە دەربڕینی ناڕەزایەتییان هەڵبژارد؟ سووتاندنی هوتێل تارای مەهاباد و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ئینتیزامی بەرهەمی کام دیاردەیە؟ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سیستمەکانی قەزایی و یاسادانان و بەڕێوەبەری، تەنیا لەسەر کاغەز و بە ناو سەربەخۆن و لە یەکتر جیان!گەلێك جار شایەتی دەست تێوەردانی ڕێبەری و بەیتەکەی و ناوەندە ئەمنییەتییەکان لە کاروباری هەرکام لەم سێ دەسەڵاتە بووین. بە چەشنێك کە ئیتر ساڵەهایە بۆ گشت لایەك ئاشکرایە کە لە ئێراندا ئاوی گوێچکە دادانی نوێنەرانی مەجلیس و داسەپاندنی وەزیر بە سەر دەوڵەتدا و ڕیێوشوێن نانە بەر دام و دەزگای دادوەریی بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی. سا بەرهەمی ئەم چەشنە دەسەڵاتدارییە درێژ بوونەوەی مەودای نێوان دەسەڵاتداران و هاووڵاتییانە. نەبوونی متمانەی کۆمەڵانی وڵاتە بە سەرجەم ناوەندەکانی دەسەڵات. ئەمە بە ڕادەیەك پەرەی سەندووە کە ئیتر نە تەنیا بەرژەوەندیی خەڵك و نیزامی خۆسەپێن هاوتەریب نییە، بەڵکوو لە دژی یەك وەستاون. لە کاتێکدا کە خەڵك هیچ متمانەیەکیان بە سیستمی دادوەری کۆماری ئیسلامی نەماوە، دێنە سەر ئەم باوەڕەی کە پێویستە لەگەڵ ئەم پێکهاتەیە، هەر وەك خۆی مامەڵە بکرێت. لە دۆخێکدا کە گوێچکەیەك بۆ بیستنی داخوازی نییە و کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی کوردستان مەودای خۆیان و دەسەڵات هێندە دوور دەبینن، بە پێچەوانەی خواستی دەروونیی خۆیان گوتاری «حاشا لەو خوێنەی شەوی بەسەردا هات» هەڵدەبژێرن. لەگەڵ جوانەمەرگ بوونی فەریناز، ئەگەر دەسەڵاتدارانی شار، کە لە لایەن ڕێژیمەوە داسەپاون، ڕووڕاست و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵك بدوایەن و بەڵێن و متمانەیان بدایە کە پرسەکە لە کەمترین ماوەدا تاوتوێ دەکرێ و بە هەموو تواناوە دەپڕژێنە سەر ڕووداوەکە، بێ‌شك خەڵکی شار هێمنی و پشوودرێژییان ڕەچاو دەکرد. بەڵام دانیشتوانی مەهاباد دیتیان کە دەسەڵاتداران لە جیات ئەم ڕێکارانە، بە بەرچاوی ئەوانەوە تەنیا هێزی تەیار لە شارەکانی دەوروبەرەوە بەرەو مەهاباد کێشەوە دەکات! و هیچ بە تەما نییە دڵی زامدار و هەستی ڕووشاویان هەتوان بکات. هەربۆیەش کۆمەڵانی ناڕازی و وەزاڵەهاتوو لە دەست ناعەدالەتی و ماف پێشێل کردنی بە ئاشکرا، تەنیا ڕێگەچارەی لە ڕاپەڕین و دەنگ هەڵبڕین و قوربانی دانی زیاتردا دیت.

کوردستان

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانانی بەڕێز!

کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!

کوڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ !

به دوای خرۆشانی ئەم دواییانەی خەڵك لە شاری مەهاباد، دژ بە ستەمکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕەفتاری کەرامەت شکێنانەی دەست و پێوەندەکانی ڕێژیم لە کوردستان. دەزگا ئەمنییەتی و ئیتلاعاتی و باقی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ دامرکاندنەوەی ڕق و قینی هەمیشەییان لە خۆپێشاندەران شەپۆلێکی دیکە و بەرینیان لە ڕاودونان، گرتن و زیندانی‌کردنی ڕۆڵەکانی کورد لە شارەکانی کوردستان وەڕێخست و لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا چەند سەد کەسیان لە لاوان و خەڵکی شارەکان بە تاوانی بەشداری لە خۆپیشاندان تەنانەت بە تۆمەتی بەشداریی‌کردن لە ناڕەزایەتی دەربڕین دەستگیر و زیندانی کردووە و حوکمی زاڵمانە و ناڕەوایان بەسەردا سەپاندوون. لەو پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو ڕەوتە تازەیە لە گرتن و زیندانی‌کردن دڵنیایە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر چارەنووسی ڕۆڵە فیداکارەکانیان بێ تەفاوت نامێننەوە و بە هاسانی بەسەریدا تێپەڕ نابن. لە گەڵ ئەوەشدا داوا لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ دەکا کە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی زیندانییەکاندا بەرز کەنەوە و بەدانی زانیاری زیاتر لە سەر ژمارەی گیراوەکان و ڕەفتاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەڵ بەندکراوان، یارمەتیدەر بن لە گەیاندنی ڕەفتاری زاڵمانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە نەتەوەی کورد و ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بە کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی جیددی و بەردەوام دەدا بۆ پێوەندی گرتن بە کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و وڵاتانی خاوەن نفووز بە مەبەستیی فشار هێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێناو وەستاندنی ڕەوتی ڕاودونان و گرتن و زیندانی کردنی ڕۆڵەکانی کورد و بۆ ئازادکردنی ئەو زیندانیانەی کە بە تاوانی دەنگ هەڵبڕین و ئیعتراز بە بێ عەداڵەتی و کەرامەت شکێنیەکانی دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هەرچەند ئەم حەرەکەتە بوێرانەی خەڵکی شاری مهاباد و هاوسۆزی شارەکانی دیکەی کوردستان لە سنە، مەریوان، بۆکان، سەردەشت، بانە، سەقز و... دەنگدانەوەیەکی جیهانی و ناوچەیی لێکەوتەوە و زۆر لایەنی شوێندانەر هەڵویستی بوێرانەی خەڵکی مهاباد و هاوسۆزی بەجێی شارەکانی دیکەی کوردستانیان بەرز نرخاند و ئەم ڕەفتارە دژە مروڤانەی دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان مەحکووم کرد و داوای سزادانی تاوانبارانیان کرد، بەڵام وەك دیترا بە ڕەواڵی هەمیشەیی، ڕێژیم بە هێنانەوەی پاساوی نەشیاو، تاوانبارانی دەرباز کرد و کەوتنە گرتن و زیندانی‌کردنی ڕۆڵەکانی کورد کە داکۆکیان لە بەها مرۆییەکان کردووە و کەرامەتی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە. جارێکی دیکە داوا لە کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان بە تایبەتی چالاکوانانی نێوخۆی وڵات و سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکەین کە بە شێوەیەکی بەرینتر، بە کردەوەتر بۆ ئازادکردنی بەندکراوەکان و فشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆتایی هێنان بە ڕەوتی تاقیب، ڕاونان، گرتن و زیندانی‌کردنی ڕۆڵەکانی کورد تێبکۆشن و خاوەن هەڵوێستی شیاو بن.

ئازادی بۆ زیندانییەکان

سەرکەوتن بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسیی

٢٨ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی

١٨ی مەی ٢٠١٥ی زایینی

# حیزبی دێموکرات سپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەڵوێستی جوامێرانەی خەڵکی مەهاباد دەربڕی



کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!

ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەی کورد!

بە دوای هەواڵی دەستدرێژی بۆ سەر کیژێکی کوردی خەڵکی مەهاباد کارمەندی هۆتێل تارا بە ناوی «فەریناز خوسرەوانی» لە لایەن مۆرەیەکی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە و خۆ فڕێدانی ئەو کیژە لە نهۆمی چوارەمی ئەو هۆتێلە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی کە بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی بە نرخی گیان لە دەستدانی، ڕووی دا لە گەڵ ئەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم هەڕەشەیان لە بنەماڵەی قوربانییەکە و خەڵکی مەهاباد کردبوو کە ئەگەر ئێعتراز بکەن لە گەڵ دژکردەوەی توندی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبن، بەڵام خەڵکی چاونەترسی شاری مەهاباد ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەڕ لە خۆپیشاندانێکی چەند هەزار کەسیدا و بە کۆبوونەوە لە بەر هۆتێلی تارا بێزاریی خۆیان لە کەرامەت شکێنی و بێ‌حورمەتی کردنی مۆرەکانی ئیتلاعات لە مەهاباد دەربڕی. خۆپیشاندەران بە ئاگر تێبەردان و بەردباران کردنی هۆتیلەکە نیشانیان دا کە ئەم کردەوە کەرامەت شکێنانە قەبووڵ ناکەن و بە دژکردەوە نیشانیاندان، هەڵوێستی شیاو و شۆڕشگێڕانە لە خۆیان نیشان دەدەن. هێزە دژی گەلی و ئیتلاعاتییەکان بە مەبەستی بڵاوەکردن بە خۆپیشاندەران تەقەی ڕاستەوخۆیان لە خەڵك کرد و ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرانیان بریندار کرد، خەڵك بۆ بەرگری کردن لە خۆیان کەوتنە بەردباران کردنی هێزە سەرکوتکەرەکان. ئێستا وەزعی شاری مەهاباد بە تەواوی نائاسایی، پۆلیسی و ئەمنیەتی تر کراوە و دەوری شار بە هێزی هاوردە گیراوە و لە نێو شاریشدا هێزەکانی ڕێژیم لە هەموو شوێنەکان حزووریان هەیە، بەم حاڵەش حەرەکەتە ئیعترازیەکە هەتا نووسینی ئەم ڕاگەیەندراوە بەردەوامە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

ئەو بێ ڕێزی و سووکایەتی کردنە کە دوایین نموونەی لە مەهاباد دیترا، لە مێژە بەرانبەر بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و وەك سیاسەتێکی گشتیی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد خۆی دەرخستووە و بێ دەنگی لە بەرانبەریدا دەبێتە هۆی بەردەوامی ئەم کردەوە دژە مرۆڤانەیە، بۆیە لەم کات و وەختەدا کە خوشك و برایانتان لە مەهاباد بوێرانە لە بەرانبەر سەرکوتی هێزە دژی گەلییەکاندا ڕاوەستاون، پێویستە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم تاوانە بە مەبەستی هاوسۆزی دەربڕین لەگەڵ خەڵکی مەهاباد ناڕەزایەتیی خۆتان لە ڕێژیم و پاڵپشتی کردنتان لە خەڵکی مەهاباد نیشان بدەن. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکات لە گەڵ مەحکووم کردنی ڕەفتاری جینایەتکارانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، سپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەڵوێستی شیاو و جوامێرانەی خەڵکی مەهاباد دەردەبڕێ و هیوای چاکبوونەوە بۆ خۆپیشاندەرانی زام هەڵگرتوو دەخوازێ و لە هەمان کاتدا لە گەڵ بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی،قوربانیی پیلانی دەست و پێوندییەکانی ڕێژیم هاودەردی دەکا.

سڵاو لە بەرەنگاری قارەمانانەی خەڵکی مەهاباد

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژ بە ستەم و زۆرداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسیی

کاتژمێر ٢٢

١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی

٧ی مای ٢٠١٥ی زایینی

# سکرتێری حیزبی دێموکرات و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان کۆبوونەوە

ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لە گەڵ هیوا بەهرامی نوێنەری حیزب لە ئاڵمان، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیان کرد و لە گەڵ کاربەدەستانی ئەو وەزارەتخانەیە کۆبوونەوە. لەو دیدارەدا هەر یەك لە بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان، بەرپرسی مێزی ئێران و لێپرساوی بەشی مافی مرۆڤی ئەو وەزارەتخانەیە ئامادە بوون. لە چاوپێکەوتنەکەدا پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئێران، دانوستانی نێوان وڵاتانی ٥+١ و ڕێژیمی ئیسلامی و ڕۆڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا باسیان لێوە کراوە. لە پێوەندی لە گەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، ئاماژەی بە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوایانەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت هەر دوو شاری مەهاباد و سەردەشت کردووە و وتوویەتی: زەبر و زەنگی ڕێژیم بەرانبەر بە کوردی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکدایە کە خەڵك هەر کات دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێت، دەڕژێنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی و نەفرەتی خویان بەرانبەر بە ڕێژیم دەردەبڕن. دوای گۆڕینەوەی بیروڕا، شاندی کاربەدەستانی ئاڵمان سوپاس و پێزانینی خویان بو ئەو چاوپێکەوتنە دەربڕی. لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی بیلدی ئاڵمان بە فەرمی بانگهێشتی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردووە و پاش سەردانی مستەفا هیجری وتووێژێکیشیان لە گەڵ پێك هێناوە.



# نەسرین قاسملوو هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی دەربڕی

ئەو کارەساتەی کە لە هوتێل «تارا»ی شاری مەهاباد ڕووی دا و مەرگی فەرینازی بە دوای خۆیدا هێنا، دەرخەری ماهییەت و شوناسی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ئەو ڕێژیمە کە بە ناوی دینەوە حکوومەت دەکا و ئیدیعای «هەمیشەیی و نەمری» هەیە، دەستی تاقم و دەست و پێوەندییەکانی بۆ کوشت و کوشتار و جنایەت ئاواڵە کردووە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئاخووندەکان لە ئێران بوونەتە مایەی شەرم بۆ مەزهەب و وڵاتی ئێران. بەداخەوە هیچ کەسێك تازە ناتوانێ ژیان بە فەریناز ببخشێتەوە، منیش وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ فەریناز و بنەماڵەکەی، ڕق و بێزاری خۆم لە ڕێژیمی ئاخووندی و جنایەتکار دەردەبڕم و خۆم بە هاوبەشی خەمی بنەماڵەی خوسرەوانی دەزانم.

نەسرین قاسملوو هاوسەری نەمر «دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو»

پاریس

١٢ی مەی ٢٠١٥

# چاوپێکەوتنی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ شاندی پارتی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان

ڕێکەوتی ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەك لە نێوان سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و هیوا بەهرامی نوێنەری حیزب لە ئاڵمان لە گەڵ پارتی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان پێکهات. لەو دانیشتنەدا شاندی پارتی سوسیالیستی ئاڵمان پێکهاتبوو لە «دیتمار نیتان» جێگری سەرۆکی پارتی سوسیال دێموکرات و ئەندامی پارلمان و «کۆنستانتین ڤوینۆف» بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەو پارتە لە پارلمانی ئاڵمان، ئەو شاندە لە سەرەتای دانیشتنەکەدا حیزبی دێموکراتی بە دۆست و هاوپەیمانێکی گرینگ لە ناوچەکەدا وەسف کردووە. پاشان سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای سپاس بو ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە، ڕوانگەکانی حیزبی سەبارەت بە هێندێك پرسی گرینگی کوردستان، ئێران و ناوچەکە خستووەتەڕوو. هیجری لە قسەکانیدا بە وردی باسی لە کێشەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە. بەڕێز مستەفا هیجری ئەوەشی خستووەتەڕوو، سەرەڕای ئەوەیکە حیزبی دێموکرات لە سی و چەند ساڵی ڕابردوودا هەردەم هەوڵی بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە ئێران داوە و لەم ڕێگایەشدا گەورەترین ڕێبەری خۆی لە دەست دا، بەڵام پێشیوایە کە ڕێککەوتن و ئاشتیخوازی لە جەوهەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نییە و ئەو ڕێژیمە پێیوایە چارەی هەموو کێشەکان بە زەبر و زەنگ و سەرکوت دەکرێت. مستەفا هیجری دواتر سەبارەت بە ڕۆڵی نەرێنی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەدا قسەی کردووە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزێك ناوبردووە کە بەرژەوەندی خۆی لە بوونی ئاژاوە و قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینێت و بۆیە بووەتە ئەکتەری سەرەکی خوڵقاندنی قەیران. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، سەبارەت بە ئەگەری ڕێککەوتنی نێوان گرووپی ٥+١ و ئێران وتوویەتی: لە ئەگەری ڕێککەوتنێکی لەو چەشنەدا، دەستی ئێران لە هەموو بارێکەوە کراوەتر دەبێت بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات جێبەجێ بکات و گرینگە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا چاوەدێری زیاتر بخەنە سەر ئاکارەکانی ڕێژیم و گوشارەکانیان لە سەر ڕێژیم زیاتر بکەن.

پاشان «نیتان» جێگری سەرۆکی پارتی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان، باسی لەوە کردووە، نابێت ڕێککەوتنەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران لە سەر حیسابی خەڵکی ئێران و ناوچەکە بێت و دەبێت ڕۆژئاواییەکان و لە پێش هەمواندا ئاڵمان گرینگی بە پرسە ناوخۆییەکانی ئێران و لەوانە پرسی کورد بدات و بۆ نەهێشتنی زەبر و زەنگ و پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا دەبێ هەنگاوی شیاو بنێن.«نیتان» وێڕای ئاماژەدان بە دۆستایەتی چەندین دەیەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان، ویستی خۆیان بۆ هەرچی زیاتر پتەوترکردن و پەرەپێدانی ئەو پێوەندییە خستەڕوو و لەم بارەشەوە باسی لە چەندین خاڵ و هاوکاریی هەردوولا کرد. لە کۆتاییدا، سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای ئاماژەدان بە ڕووداوەکانی ئەم دوایەی کوردستان، بە تایبەت خۆپێشاندانەکانی مەهاباد و سەردەشت، داوای لە شاندی پارتی سوسیال دێموکرات کرد کە لە ئێستادا لە گەڵ پارتی دێموکرات مەسیحی ئاڵمان دەوڵەتێکی ئێئتلافی بەڕێوەدەبەن، لە ڕێگای خۆیانەوە و بۆ ئازادکردنی گیراوانی ئەو ڕووداوانە گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. نیتان بەڵێنی دا کە وەك فراکسیۆنی پارتی سوسیال دێموکرات، داوای فەرمی لە وەزارەتی دەرەوە بکەن کە لەم بارەوە هەنگاوی پێویست هەڵبگرن.

# ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد

ڕێکەوتی ١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی شاری سلێمانی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێکرا. دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، پرسە پێوەندیدارەکان بە کوردستان، ئەرکی ڕۆژنامەنووسان لە پێکهێنانی کەش و هەوای نەتەوەیی و بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس لە کاتە دژوار و هەستیارەکاندا لەو پرسانەن کە لە نێوان بەڕێز هیجری و ڕۆژنامەنووساندا تاوتوێ کراوە. لەو دانیشتنەدا سەرەتا بەڕێز مستەفا هیجری باسێکی لە سەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی ئێران پێشکەش کرد و پاشان پڕژاوەتە سەر پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات مەترسیەکانی ئەو پیلانانەی لە ئێستا و داهاتوودا بۆ سەر کوردستان شی کردووەتەوە و لەو پێوەندییەدا باسی لە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، هەروەها ڕۆژنامەنووسانی لە هەمبەر پرسی کورد بەگشتیی و بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد. مستەفا هیجری لەو باوەڕەدا بوو نابێ لە پێناو هێندێ تاکتیکی سیاسیدا، پرسی ستراتیژی نەتەوەیی بکەینە قوربانی و لە سەر هەموو لایەك پێویستە هەستی خەمخۆری و دەروەست بوونی هەر پارچەیەك بۆ پارچەکەی دیکە دروست بکات و پەرە بەو هەستەش بدرێت. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ئەو کارەی بە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی ڕۆژنامەنووسانی کورد زانی. لەو سەردانەدا باس لە سەر گرینگیدان بە پرسی ڕۆژنامەگەری و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانانی نیشتمانپەروەر کراوە و وتراویشە پێویستە ڕۆژنامەنووسان زانیاری ورد و ڕاست بە هاووڵاتییانی کورد بدەن و هەوڵەکانیان لە پێناو هۆشیارکردنەوەی خەڵك و پشتیوانی لە پرسی نەتەوەیی چڕتر بکەنەوە.

## شاندێکی پارلمانی ئاڵمان پێشوازی له شاندێکی حیزبی دێموکرات کرد

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری هاوڕێ لەگەڵ هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان، لەلایەن شاندێکی کۆمیسیۆنی بەرگری ئاڵمان، پێکهاتوو لە «د. ڕۆلف موتسەنیج» ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە و «نیلس ئانێن» وتەبێژی نێونەتەوەیی حیزبی سوسیال دێموکرات لە کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی ئاڵمان لە پارلمانی ئەو وڵاتە و هەروەها چەند ڕوایژکاری سیاسەتی نێونەتەوەیی، پێشوازی لێکرا.

لەم چاوپێکەوتنەدا سکرتێری گشتیی حیزب، مستەفا هیجری، باسێکی وردی سەبارەت بە بارووداۆخی سیاسی کوردستان و ئێران پێشکەش کرد و لە وتەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد، هەرچەند زۆر کەس و لایەن و لەوانەش وڵاتانی ڕۆژئاوایی هیوایان بە دەوڵەتی ڕووحانی هەبوو، بەڵام دەرکەوت کە حکوومەتی ڕووحانی نەتەنیا هەوڵی چاکسازی نەدا، بەڵکوو لە زۆر بارەوە بارووداۆخی وڵاتی بەرە و خراپی بردووە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنەدا و لە بەشێکی قسەکانیدا، هێمای بۆ سیاسەتە ناوچەییەکانی ڕێژیم کرد و باسی لەوە کرد: ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکەدا دەیکات، شەر دژ بە داعش یا تیرۆر نیە، بەڵکوو لە ڕاستیدا ئەو ڕێژیمە ڕاستەوخۆ پشتگیری لە تیرۆر دەکات.

مستەفا هیجری لە کۆتایی قسەکانیدا هیوای خواست، هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت دەوڵەتی ئاڵمان لە داهاتوودا گرینگی زیاتر بە پرسە نێوخۆییەکانی ئێران و لەوانە پرسی کورد بدەن.

لە کۆتاییدا وەفدی خانەخوێ وێڕای سوپاس و پێزانین بۆ ئەو سەردانە، داوایان کرد کە لە داهاتوودا زیاتر لە بارووداۆخەکە ئاگادار بکرێنەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بەردەوام بێت.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، «عەبدولڕەحیم سەوزە» ناسراو بە حاجی «سەوزە» پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاك سپێردرا.

«عەبدولڕەحیم سەوزە» کوڕی «حاجی» و خەڵکی شاری «نۆدشە» ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی هەژار چاوی بە دونیا هەڵێناوە و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، دەبێتە پێشمەرگە و لە هێزی «شاهۆ»دا سازمان دراوە و هەتا ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوە بردووە و پاشان لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی، لە هێزی «سامرەند»دا ئەرکی پێشمەرگایەتی پێ سپێردرا.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٧٠ هەتا ١٣٨٠ی هەتاوی لە نەخۆشخانەی حیزبی دێموکرات ئەرکی پێشمەرگایەتی لە ئەستۆ بووە و زۆر بە دڵسۆزیەوە ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەو بۆنەوە سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خزم و کەس‌وکار و هەروەها هاوسەنگەرانی «عەبدولڕەحیم سەوزە» دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## له وڵاتانی ئامریکا،کانادا، چەندین وڵاتی ئورووپایی و هەرێمی کوردستان، پشتیوانی له خۆپیشاندانی شاری مەهاباد کرا

کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی خەڵکی نارازیی مەهاباد لە وڵاتانی ئامریکا،کانادا، سوید، ئۆتریش، دانمارك، نۆروێژ، ئاڵمان، فەرانسە، هولەند، خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی نارەزایەتییان لە بەر باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران و شوێنە گشتییەکانی ئەو وڵاتانە بەڕێوە بردووە. لەو کۆبوونەوە و خۆپێشاندانانە دا کۆمەڵێك دروشم بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی خەڵکی مەهاباد و ئیدانەکردنی مەرگی فەریناز خوسرەوانی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتراونەتەوە. خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان و بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوە نارەزایەتییانەدا بەشدارییان کردبوو و پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی مەهاباد و کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕیوە.

هەروەها هاووڵاتییانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لە بەردەم پارلمانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد و ئەو ڕووداوەیان مەحکووم کرد. لەو خۆپیشاندانە چەندین حیزب و لایەنی سیاسی، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ژنان و هاووڵاتییانی کوردی پارچەی کوردستان لەو خۆپیشاندانەدا بەشداریان کردبوو دروشمی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان وتووەتەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی له ناوەندێکی بازرگانی ئامریکا کرد

شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا بە سەرپەرەستیی جەماڵ عەبدوڵلازادە بەرپرسی کۆمیتە، بەشداریی لە کۆڕی ژووری بازرگانی ئامریکا . واشینگتۆن کە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوو، کرد. لەو کۆڕەدا کە بە هاوکاری نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی بازرگانی کوردستان و ئامریکا ڕێکخرابوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە کرد. بارزانی لەو کۆڕەدا ئاماژەی بە ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تێروریستان و داعش داوە و ئەرك و ڕۆڵی پێشمەرگەی بەرز نرخاندووە. لە کۆڕەکەدا چەندین کەسایەتی ناوداری بیانی و کورد بەشدار بوون. شاندی حیزبی دێموکرات لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا لە گەڵ ژمارەیەك کەسایەتی و نوێنەر و ئەندامانی لایەنە کوردییەکان چاوپێکەوتنیان ئەنجام داوە. ئەو شاندە لە چاوپێکەوتنەکانیدا، لە گەڵ «تێد کرووز» سێناتۆری ئامریکایی دانیشتنیان هەبووە و هەڵوێستەکانی ئەو سیاسەتمەدارەیان لە بارەی دانوستانە ناوکییەکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرز نرخاندووە. سێناتۆر «تێد کرووز» یەکێك لەو کەسانەیە کە بەربژێری پۆستی داهاتووی سەر کۆماریی ئەمریکایە. لەو دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوانەدا ئارەش ساڵح نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئەمریکا، سەیران شەرەفی بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتی ژنان لەو وڵاتە و بڕوا سەفدەریش ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات . ئەمریکا بەشدار بوون.

## خۆپیشاندانی سەرانسەریی مامۆستایان لە کوردستان و ئێران بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی زۆربەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان، بۆ جێبەجێ کردنی ویستەکانیان بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەوخۆپیشاندان، نارەزایەتییان لە هەمبەر بارودۆخی ژیان و مووچەکانیان دەربڕی. مامۆستایان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێران، بە نیشانەی دەربڕینی نارەزایەتی لە هەمبەر بارودۆخی ژیان و گرفتە پێشەییەکانیان، بۆ چوارەمین جار خۆپیشاندانی سەرتاسەریان بەڕێوە برد. ئەم خۆپیشاندان و مانگرتنە لە لایەن مامۆستایانەوە بە نیشانەی دەربڕینی نارەزایەتی بە بارودۆخی نالەباری ژیانی مامۆستایان و باری ئابووری ئەم توێژە فەرهەنگییەی کۆمەڵگا بەڕێوەچووە. مامۆستایانی کورد لە شارەکانی سنە، کرماشان، مەریوان، بۆکان، سەقز، ئیلام، ورمێ، قۆروە و شارەکانی دیکەی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەردەم ئیدارەی پەروەردەی ئەو شارانەدا کۆبوونەتەوە و بەم شێوەیە نارەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر دۆخی مامۆستایان دەربڕیوە.

## پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە سلێمانی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سووریە،سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شاری سلێمانی کرد و لە لایەن شاندێکی پێوەندییەکانی سلێمانییەوە بە سەرپەرستیی محەممەد ساحیبی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەدا باسیك لە سەر دۆخی کورد لە هەر دوو بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کرا و شاندی پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە دڵگرانی و هاوخەمیی خۆیان بە ڕووداوەکانی شاری مەهاباد و گیان لە دەستدان و بریندارکرانی لاوانی ئەو شارە دەربڕی و پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی وەزاڵە هاتووی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕی.

## یەکیەتیی ژنانی دێموکرات له خۆپیشاندانی شاری ئامەد بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەری ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندی یەکیەتیی ژنان بە سەرپەرستیی ڕۆژین بەهرامی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ئەو یەکیەتییە لە خۆپشاندانی شاری ئامەد کە بۆ پشتیوانیی خەڵکی شاری مەهاباد ڕێکخرابوو، بەشداریی کرد. لەو ڕێپێوانەدا کە لە شەقامی ئازێ جێ پلازای ئامەد بەڕێوەچوو، زیاتر لە ٥٠٠ کەس بەشدار بوون و گوڵتان کشاناك، سەرۆکی شارەوانیی ئامەد پەیامێکی بۆ پشتیوانیی خەڵکی نارازیی شاری مەهاباد خوێندووەتەوە. بەشداربووانی ڕێپێوانی خەڵکی شاری ئامەد بە نیشانەی هاودەردی لەگەڵ خەڵکی شاری مەهاباد، دوو خولەك لە سەر ئەژنۆ دانیشتن.

## شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات له سلێمانی کرد

ڕێکەوتی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتوو لە «عەتا ناسر سەقزی» و «ئەرسەلان خوسرەونژاد» ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری سلێمانی کرد و لە لایەن شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبەوە بە سەرپەرستیی «محەممەد ساحێبی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات پێشوازیی لێکرا. لەو دیدارەدا، باسێك لە سەر بارودۆخی کورد بە گشتیی و بە تایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەی ناوچەکەدا و هەروەها ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری مەهاباد کرا. لە درێژەی باسەکاندا لە سەر پێویستیی هاوهەڵویستی و یەك گوتاریی هێز و لایەنەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێداگری کرایەوە. لەو دیدارە دا لە سەر کەمڕەنگ کردنەوە و لابردنی ئاستەنگ و ئاریشەی نێوان حیزبەکان و پەرەدان بە پێوەندیی دۆستانەی لایەنەکان باس و ڕاوێژ کرا.

## شاندێکی پارتی ئازادی کوردستان- باکوور سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی له هەولێر کرد

ڕێکەوتی ٢٦ی بانەمەری ١٣٩٤ هەتاوی شاندێکی بەڕێوەبەری پارتی ئازادی کوردستان ـ باکوور بە سەرپەرستیی «عەبدولڕەحمان گوندکی» ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد. ئەو شاندە لە لایەن هەیئەتێکی پێوەندییەکانەوە بە سەرپەرستیی <<محەممەد ساڵح قادری>> ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەدا پارتی ئازادی وێڕای پێداگری خۆیان لە سەر ستراتێژی هاوبەشی نەتەوەیی و خوێندنەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، ئامادەیی و پشتیوانی خۆیان بۆ هەر هاوکاریەکی پێویست لە سەر ئاستی کوردستانی باکوور بۆ خەباتی حیزبی دێموکرات دەربڕیوە. لەو دانیشتنەدا محەممەد ساڵح قادری هەڵوێستی پارتی ئازادی بە جێگای بایەخ نرخاندووە و وێڕای ئاماژە بە کۆمەڵێك پرەنسیپی هاوبەشی نەتەوەیی، پشتیوانی و ڕێزگرتنی حیزب دێموکرات بۆ خەباتی بەشەکانی کوردستان لە سەر بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر و پەرەپێدان بە پێوەندی و هاوکاری نێوانیان دووپات کردووەتەوە .ئۆرهان کایا بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی ئازادی کوردستان — باکووریش لە هەولێر شاندەکەی هاورێیەتی کردووە.

## له ورمێ پێشمەرگەیەکی دێرین و باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، «ئەحمەد حاجی‌زادە» باوکی شەهید «مەولوود حاجی‌زادە» خەڵکی گوندی «نەناس» سەر بە شاری ورمێ، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی نیشتمانپەروەری ناوچەکە و دۆستان و خزم و کەس و کاری بە خاك سپێردرا. ئەحمەد حاجی‌زادە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران وێڕای کوڕەکەی پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبن. شەهید «مەولوود حاجی‌زادە» ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندی نەناس سەر بە شاری ورمێ لە دایك بووە و پاش پەیوەستبوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە «پەسوێ»ی پیرانشار شەهید بوو و گڵکۆکەی هەر لەو شارەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری «ئەحمەد حاجی‌زادە» دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## له شاری شنۆ ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، خالید حەسەنی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. خالید حەسەنی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بۆ ماوەی ٢ ساڵ پێشمەرگە بووە و پاشان وەك ئەندامێکی چالاك ئەرکە حیزبییەکانی لە نێوخۆی وڵات جێبەجێ دەکرد. شەهید خالید کەسێکی بە وەفا و هاوکار و پشتیوانی هەمیشەیی کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شنۆی حیزبی دێموکرات بووە و هەر بەو هۆیەشەوە چەندین جار لە لایەن بەرپرسانی کۆمیتەوە ڕێزی لێگیراوە. خالید حەسەنی لە نێو شاری شنۆ و گوندەکەی خۆی واتە «ئاڵیاوێ» وەکوو کەسێکی وەفادار بە ڕێبازی حیزب و جێگای متمانەی خەڵك ناوبانگی دەرکردبوو. تەرمی ناوبراو هەمان ڕۆژ لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی شنۆ و دەورووبەری لە گۆڕستانی گوندی «ئاڵیاوێ» ئەسپێردەی خاك کرا. هەروەها برایەکی دیکەی کاك خالید بە ناوی نادر لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوییەوە پەیوەست بە پێشمەرگایەتی بووە و هەتا ئێستاش لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا چالاکی دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك «خالید حەسەنی» دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری لەگەڵ گۆڤاری سڤیل بەشی دووهەم

سڤیل




هەواڵ | دیمانەی سیاسی | ڕاپۆرتی سیاسی | کۆمەڵایەتی | ناوخۆ | هونەری | تەندروستی | وتار | ڤیدیۆ | هاوێنە | هەمەڕەنگ

## مستەفا هیجری: عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە "ئەزموونی خەبات"دا چەواشەکاری لەبارەی مێژووی حزبەوە کردووە و بە ئەرکی خۆمم زانی وەڵامی بدەمەوە

زیاتر بڵاوکراوەتەوە لە 03 ئایار 2015 سەردانەکان: 611



سڤیل: مەریوان عومەر

بەشی دووهەم

**بەشی دووهەم و کۆتایی:**

**سڤیل: لەخوێندنەوەی کتێبی «نسکۆ و دابڕان»دا تێبینی ئەوە دەکرێت، زۆر بە حەزەرەوە نوسراوە، لەچەندین شوێن باسی ڕووداوی جیاواز دەکەی و ئاماژە بەناوی بکەرەکان نادەی و دەنووسی ناوەکەیان لای من پارێزراوە. تۆ بۆ مێژوو دەنووسی، ئەم حەزەرە بۆچی؟**

**مستەفا هیجری:** ئەو حەزەرە لەبەر ئەوەیە، ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان کە جیابوونەتەوە، لە وتووێژ داین، چونکە دەمانەوێت بەشێوەیەکی باش یەکبگرینەوە، بۆیە نەمویست نووسینەکە بەجۆرێك بێت، کە ببێتە کۆسپ لەبەردەم ئەو وتووێژانە. هەرچەندە ئێستا ئەوان بەو نووسینەش زۆر ناڕەحەتن. ویستومە ئەو فەزایەی کە زۆر تێکۆشاوین تاکو ئارام بۆتەوە، جارێکی دیکە تێکنەچێتەوە و ئەو پەیوەندیە لەگەڵیاندا هەمانە، بەردەوام بێت، تاکو بتوانین وتووێژەکانمان درێژە پێبدەین.

**سڤیل: حیزبە کوردییەکان بەگشتی حیزبی سەرکردەن، هەمیشەش دوابڕیاری یەکلاکەرەوە تێیاندا لای سەرکردەی حیزبەکان بووە. بێگومان (د. قاسملوو) و حیزبی دێموکراتیش لەوە بەدەر نین. بەڵام ئەوەی تۆ لەکتێبەکەدا باسی دەکەی، کە د. قاسملوو بێ پرس و ڕاوێژی مەکتەبی سیاسی دوو خولی دانووستانی لەگەڵ ئێران ئەنجامداوە، کە دواجار بە تیرۆرکردنی خۆی کۆتایی دێت، ئەوە ناگەیەنێت، کە د. قاسملوو سەرکردەیەکی تاکڕەو بووە و لەبڕیارە گرنگەکانیشدا بۆ مەکتەبی سیاسی نەگەڕاوەتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** پێموایە ئەگەر سکرتێر یان کەسایەتی یەکەمی حیزبی هەڵەیەکی کرد، نابێت ئەوە تەعمیم بکرێ، چونکە هەموومان مرۆڤین و لەکارەکانماندا توشی هەڵە و لێکدانەوەی هەڵە دەبین و ڕەنگە هەنگاوی هەڵەش بنێین، بەڵام ئەوە مانای وا نیە هەموو هەنگاوەکانمان هەڵەن. جیاوازیەکەی د. قاسملوو لەوەدابوو، کە ئەو بەگشتی مرۆڤێکی دێموکرات بوو، لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بابەتەکانی خۆی دەخستەڕوو، بەڵام لەبەر هەندێك هۆ کە لەکتێبەکەدا ئاماژەم پێکردووە، د. قاسملوو هاندرا بۆ ئەوەی بچێت لەم وتووێژەدا بەشدار بێت. ئەو نیەتێکی پاکی هەبوو، بەشێوەیەکی لۆژیکی و سیاسی بیری دەکردەوە. بیری لەوە دەکردەوە ڕژێمی ئیسلامی ئێران کە هەشت ساڵ لەگەڵ عێراقدا لەجەنگدا بووە و خەسارەتێکی گیانی وماڵی زۆری لێکەوتووە، ئێستاش کەوتوونەتە وتووێژ و کێشەکەیان چارەسەر کردووە، کەوابوو لێرە بەدواوە ئێران پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، بۆیە ئەویش گەر بە لۆژیکی بیربکاتەوە، دەبێت بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ نەیارەکانی خۆی و لەگەڵیان بسازێت و کێشە نەهێڵێتەوە. لەکتێبەکەدا ئاماژەم بە بەڵگەی دیکەش کردووە، کۆماری ئیسلامی پلانێکی وای داڕشتبوو و وای نیشاندابوو، گەر د. قاسملوو خۆی بەشدار نەبێت، وتووێژەکە درێژەی نابێت. د. قاسملووش چونکە هەر لەسەرەتاوە تا ئەوکاتەش کە شەهید بوو، هەمیشە لەو باوەڕەدابوو، کە کێشەی ئێمە و کۆماری ئیسلامی ئێران بەچەك چارەسەر نابێت، بەڵکو دەبێت لەرێگای وتووێژەوە بێت. ئەو پێیوابوو هەلومەرجێك هەڵکەوتووە و دەبێ لەدەستی نەدات، هەرچەندە ڕەنگە ئەو ڕەخنەیەی بێتەوەسەر کە باستکرد.

**سڤیل: کەواتە تۆ ئەمانە بە بەڵگەی تاکڕەوبوونی د. قاسملوو هەژمار ناکەیت؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر بەهیچ جۆرێك لە باسکردنی ئەو بابەتەدا مەبەستم ئەوە نەبووە، کە بڵێم د. قاسملوو کەسێکی تاکڕەو بووە.

**سڤیل: بەشی زۆری کتێبەکەت تەرخانکراوە بۆ وەڵامدانەوەی کتێبەکەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە «ئەزموونی خەبات». بە ڕاشکاوانە پێمان بڵێ، گەر «ئەزموونی خەبات» نەنوسرابایە، تۆ «نسکۆ و دابڕان»ت دەنوسی؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر، ئەگەر ئەزموونی خەبات نەنوسرابایە، ئەو کتێبەم نەدەنوسی. کاك جەلیل گادانی لەکاتی جیابوونەوەیاندا لەسەر هۆی جیابوونەوەکە نووسی، من وەڵامم نەدایەوە. بەڵام ئەوەی عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ئەزموونی خەباتدا باسی کردووە، چەواشەکاری مێژووی حیزبی دێموکراتە، کە ئەوە بەکارێکی زۆر خراپ دەزانم، ئێمەی حیزبە سیاسیەکان لەجیاتی ئەوەی زانیاری دروست بە خەڵکەکەمان بدەین، چەواشەی بکەین. تەنانەت ئەگەر کەسێکی دیکەش لەهاوڕێیانی ئێمە وەڵامی دابایەوە، ڕەنگبوو من وەڵامم نەدابایەوە، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارانە بەئەرکی خۆمم زانی، ئەندام و لایەنگرانی حیزب و خەڵکی کورد بەگشتی یەکلایەنە قەزاوەت نەکەن. سبەی ئەگەر ڕۆژنامەنوس، یان توێژەرێك بەدوای ڕاستیەکاندا بچێت، تەنیا قسەی یەك لایەنی لەبەردەستدا نەبێت. بۆیە پێم باش بوو، ئەو زانیاریانەی من ئاگاداریان بووم بیاننوسم و لەبەردەستی خەڵکدا هەبن، ئەوکات خەڵك قەزاوەتی خۆی بکات.

**سڤیل: لەشوێنێکی کتێبەکە باس لەوە دەکەی، دوای کۆنگرەی ١٣ و بەرلەوەی برادەرانتان جیا ببنەوە، پێشنیاری ئەوەتان کردبوو، کە لەوحێکی ڕێزلێنان بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە بنووسن. بەڵام دوای ئەوەی ئەو مەرجی دانا کە خۆی لە نێوەرۆکەکەیدا بنوسێت یەکڕیزی حیزبی پاراستووە و درێژەی بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهید داوە، ئێوە ڕازی نەبوون و لەوحەکەتان نەنووسی. تۆ لەبەر ئەوەی پێت وابوو ئەو یەکڕیزی حیزبی نەپاراستووە و پێڕەوی ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی نەکردووە، بۆیە بەوە ڕازی نەبووی؟**

**مستەفا هیجری:** لەکتێبەکەدا ئاماژەم پێداوە، لەواقیعدا ئەوەم لە هیچ سەرکردەیەکی دیکە نەبیستووە، کە لەوحی ڕێزلێنانی بۆ بنوسرێت، بڵێت دەبێ بەخۆم بینوسم، ئەمە وەك پرەنسیپ. جگەلەوەش کاتێك هەیئەتەکەی دەفتەری سیاسی لە لای ئەو هاتنەوە و دانیشتین، ئەوکات هێشتا پێکەوە بووین، کاك حەسەنی ڕەستگار و کاك مستەفای مەولودی، کە ئێستا لەگەڵ هاوڕێیانی جیابووەوەن و ئەوکات هەردووکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون، لەسەر بابەتەکە قسەمان کرد. کاك حەسەنی ڕەستگار ئەوەندە لەمەرجەکەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە ناڕەحەت بوو، داوای کرد وازی لێبێنین. ئەوەبوو ئیدی لێیگەڕاین.

**سڤیل: ئەی ئێستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەشایانی ئەو لەوحی ڕێزلێنانە دەبینی؟**

**مستەفا هیجری:** بەر لەجیابوونەوە ئەگەر ئەوە سەریگرتبایە، ئامادەبووم خۆم لەوحی ڕێزلێنانی بۆ بنووسم، بۆ ئەو خزمەتانەی لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا کردبووی، هەرچەندە کێشە و جیاوازی بیروبۆچوونیشمان هەبوو. بەڵام لەوباوەڕەدام، نەك لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لەهەر حیزبێکی نەتەوەییدا کاتێك سەرکردەیەك دەبێتە هۆی دابڕان و دووبەرەکی، بێ هیچ جیاوازییەکی فیکری و سیاسی، تەنیا لەبەر بەژەوەندی گرووهی، پێموایە کەسایەتیەکی ئاوا نەك تەنها بۆ ڕێزلێنان نابێت، بەڵکو دەبێت بکەوێتە بەر لۆمەی خەڵك. من زیاتر لە سی ساڵ لە تەمەنی گەنجیەتی خۆم لەو حیزبەدا بەسەربردووە، گرفت و مەترسی زۆرم قبوڵ کردووە، هەموو ئەوانە نابنە پاساو بۆ ئەوەی کارێك بکەم ئەو حیزبە لەت ببێت. ئێمە پێویستمان بە یەکڕیزی هەیە، نەك جیابوونەوە. ئەمە ئەو کێشەیە بوو کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە دروستی کرد و هەشت ساڵە چەندەی دەکەین بۆمان وەك خۆی لێنایەتەوە.

**سڤیل: لەباسی هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوڕێیانتان لەدوای کۆنگرەی ١٣، باسی هۆکارێك دەکەی، وەك کارەکتەرێکی سەرەکی نائاشکرا وەسفی دەکەی، بۆچی بە ڕاشکاوانە نەتگوتووە و وا بە نائاشکرایی هێشتووتەتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** بەراستی تاکو ئێستاش بۆ من نائاشکرایە، لەوبارەوە فاکتێکی قابیلی قبوڵم بەدەستەوە نیە، ئاسار و شەواهیدەکان نیشانی دەدەن، کە کەسێك یان لایەنێك لەپشتی ئەو جیابوونەوەیە بووە، بەو بەڵگانەی لەکتێبەکەدا باسم کردووە، بەڵام لەلام ڕوون نەبوو تا بە دیاریکراوی بڵێم فلانە کەس یان لایەن بووە، پێمخۆش نەبووە شتێك بڵێم، کە گومانم لەسەری هەبووە. لەو کتێبەدا هەوڵمداوە، هەرچی بەخۆم شاهێدی بوومە و دیومە، بە دروستی بیخەمە بەرچاوی خەڵك.

**سڤیل: ئێستا کە نێوانتان لەگەڵ برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان باشە و وتووێژ لەنێوانتاندا هەیە بۆ یەکگرتنەوەتان، پێتوانیە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکە کاتێکی خراپ بوو و زیان بەم هەوڵانەتان بۆ یەکگرتنەوەتان دەگەیەنێت؟**

**مستەفا هیجری:** ئەو برادەرانە ئەو ڕەخنەیەیان لەمن گرتووە، ڕەنگە خەڵکی دیکەش ڕەخنە بگرێت، ڕێزم هەیە بۆ ڕەخنەکانی خەڵك. ئەمە کتێبێکە خەڵك حەقی خۆیەتی بیروبۆچوونی خۆی لەسەر بڵێت. من بیرم کردەوە، ڕاستە ئێمە لە وتووێژداین و مەبەستمان یەکگرتنەوەیە، بەڵام ئێستا کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئەو شتانەی لە ئەزموونی خەباتدا نوسیوە، ئەگەر بڕیار بێت وەڵامی بدەمەوە، دەبێ کەی وەڵامی بدەمەوە؟ خۆ ئەگەر یەکمانگرتەوە، ئەوکات هەر ناتوانم باسی بکەم، چونکە دووبارە کێشە لەنێوانماندا دروست دەبێتەوە، ڕەنگە دووبارە ببێتەوە هۆی دوودەستەیی و لەیەکتر دڕدۆنگبوون و دروستبوونەوەی ناخۆشی، کەوابوو باشتر وایە بەر لەیەکگرتنەوە ئەو ڕاستیانە بخەمە بەرچاوی خەڵك، تاکوو خەڵك بە چاوکراوەیی بیبینێت. هەرچەندە پێشبینی ئەوەشم دەکرد، کە ئەوان پێشوازی لێناکەن، بەڵام بەهەرحاڵ مادام هەر بڕیارم داوە کە بینوسم، پێموابوو ئێستا باشترە لەوەی دوای یەکگرتنەوە بینوسم.

**سڤیل: لەکتێبەکە باس لەوە دەکەی، لە کۆنگرەی ١٣ عەبدوڵڵا حەسەنزادە «بابا عەلی» پێشنیار دەکات بۆ سکرتێری حیزب، چونکە وایدانابوو ئەو کەسایەتیەکی لاوازە و هەر خۆی لەپشت پەردەوە سکرتێری ڕاستەقینە دەبێت. ئێستا کە خالیدی عەزیزی سکرتێری (ح.د.ك)ە، پێتوایە هێشتا لەپشت پەردەوە سکرتێری ڕاستەقینە عەبدوڵڵا حەسەنزادە بێت، بۆیە هەنگاوەکانی یەکگرتنەوە وا لەسەرخۆن؟**

**مستەفا هیجری:** هێندەی من زانیاریم هەبێت، کە ڕەنگە زانیاریەکانیشم تەواو نەبن، عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئێستاش کارەکتەرێکی کارایە لەنێو حیزبەکەیدا، بەڵام وەك سەرەتا نەماوە، چونکە بەرەبەرە بەشێکی زۆری خەڵکەکەی ئەوانیش ئێستا هەستیان بەوە کردوە، کە ئەو جیابوونەوەیە هەنگاوێکی دروست نەبووە و خزمەتی بەوان و بەجووڵانەوەی کورد لەخۆرهەڵات نەکردووە، بۆیە ئەو دەسەڵاتەی سەرەتای نەماوە.

**سڤیل: لەکتێبەکەدا باس لەوە دەکەی، لەکۆنگرەی دەیەمدا تۆ دژی گەڕانەوەی برادەرانی «ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ» بووی بۆ نێو حیزب، چونکە متمانەت پێیان نەبوو. ئەی باشە ئێستا هەمان گرووپ، دوای ئەوەی ئینشیقاقێکی تریشان لەحیزبدا ئەنجامدا، هیچ متمانەیەکت پێیان ماوە بگەڕێنەوە ناو حیزب و لەئایندەدا دووبەرەکی دروست نەبێتەوە؟ چونکە تۆ نووسیوتە کە بەر لە ٢٠ ساڵ تۆ ئەوانت بە باشی ناسیبوو و متمانەت پێیان نەبوو؟**

**مستەفا هیجری:** لەکاری سیاسیدا متمانە زۆر شەرت نیە، پیاو هەوڵ دەدات متمانە پەیدا بکات، بەڵام دەبێ متمانە لەمیانەی کردەوە و هەڵسووکەوتدا بێتە پێشێ. ئەوەی بۆچوونی من و حیزبەکەمانە و وای لێکردووین هەنگاو بنێین بۆ یەکگرتنەوە، یەکەم، زەرورەتی سیاسی ئەمڕۆی ناوچەکە و ئێرانە، کە ئەوە دەخوازێت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەجیاتی دابڕان و ئینشیعاب، ڕەوتی یەکگرتنەوە بگرنەبەر، دەبێ ئێمەش ئەو کارە بکەین، چونکە ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێران، ئەگەر ئێمە یەکگرتوو و بەهێز نەبین، ناتوانین لە ئاڵوگۆڕەکانیشدا جێپەنجەمان دیار بێت. دووەم، پێموایە بەشێکی زۆر لەو هاوڕێیانەی کە جیابوونەتەوە، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستیەی، کە کارەکەیان کارێکی هەڵە بووە، ڕەنگە ئێمەش لەو بارەیەوە هەندێك هەڵەمان هەبووبێت. زۆرتر هیوام بەوەیە کە بەهەڵەکانی خۆمانمان زانیوە، لە یەکگرتنەوەماندا جارێکی دیکە هەنگاوی هەڵە نەگرینە بەر و بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەس و گرووهی حیزب لەت نەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی بیروبۆچوون و لێکدانەوە هەمیشە هەر دەبێت.

**سڤیل: ئەو برادەرانەتان کە دوای کۆنگرەی ١٣ بەرلەوەی جیا ببنەوە، چەندین مەرجی قورسیان هەبوو بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن و جیا نەبنەوە، تۆ ئەوکات لەبەر بەرژەوەندی حیزب زۆر لەو مەرجانەت قبوڵ بووە، خۆ مەرجەکانی ئێستای برادەرانی (ح.د.ك) لە مەرجەکانی ئەوکات کەمتر و سووکترە، بۆچی هەنگاوەکان بۆ یەکگرتنەوە وا بەهێواشی بەڕێوە دەچن؟**

**مستەفا هیجری:** من تەنیا لەلایەنی خۆمەوە قسە دەکەم، لەلای ئێمەوە هۆکارەکەی ئەو نیگەرانیانەیە کە ئێمە لەیەکگرتنەوەدا هەمانە. چونکە پێشتر یەکگرتنەوە ڕوویداوە و دواتر شکستی هێنا، ئەزموونێکی شکستخواردوو بوو. هەموو نیگەرانیەکەمان ئەوەیە کە بەر لە یەکگرتنەوە قسە لەهەموو ئەو گیروگرفتانە بکەین کە هەمانن و هەمووی چارەسەر بکەین و هیچ گرفتێکمان نەمێنێت. ئەوانیش بۆ خۆیان نیگەرانیان هەیە. زیاتر ئەو وردەکاریانەن، کە کاتی خایاندووە.

**سڤیل: وردەکاریەکانە کە تائێستا بۆتە کێشە، یاخود مەسەلەی ناوە؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر مەسەلەی ناو نیە، ئەوان لەدانیشتنی دوو مەکتەبی سیاسیدا قبوڵیان کردووە، کە یەکگرتنەوە ئەگەر ببێت، لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت، هەروەها بەو ئارمەی حیزبمان هەیەتی. بەڵام لەهەموو وتووێژێکدا وردەکاریەکان چارەسەرکردنیان زەحمەتترە و کاتی زۆر دەگرێ.

**سڤیل: لەحیزبی کوردیدا، کە وەك باسمان کرد حیزبی سەرکردەن، سەرکردەکان یان بە مردنی خۆیان یان بە تیرۆرکردن لەسەرکردایەتیکردنی حیزبەکانیان دوورکەوتوونەتەوە. لێرە لە باشوور زۆربەی خەڵك باوەڕیان بەوە هێناوە، کە یەکگرتووی ئیسلامی یەکەم حیزبی کوردی بووە ئەمینداری گشتیەکەی لە کۆنگرەیەکی ئازاددا دەسبەرداری پۆستەکەی بووە، خۆشیان هەر لافی ئەوە لێدەدەن. بەڵام کەم کەس بەوە دەزانێت، کە تۆ یەکەم سکرتێری حیزبێکی کوردی بوویت، بەر لە ٢٠ ساڵ و لەکۆنگرەی دەیەمی حیزبدا بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەت دەسبەرداری پۆستەکەت بوویت و تا سێ کۆنگرە وەك جێگری سکرتێر، یان ئەندامێکی ئاسایی مەکتەبی سیاسی بەردەوام بوویت، تا دواتر وەك سکرتێر هەڵبژێردرایتەوە. تۆ بۆ ئەمە چ قسەیەکت هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** منیش هەر وای دەبینم، خۆ ئەوە هەمووی ئاشکرایە و خەڵك دەزانێت، بەڵام مەرج نیە هەموو شتێك بۆخۆم بیڵێم.

**لەهەر حیزبێکی نەتەوەییدا کاتێک سەرکردەیەک دەبێتە هۆی دابڕان و دووبەرەکی، بێ هیچ جیاوازییەکی فیکری و سیاسی، تەنیا لەبەر بەژەوەندی گرووهی، پێموایە کەسایەتیەکی ئاوا نەک تەنها بۆ ڕێزلێنان نابێت، بەڵکو دەبێت بکەوێتە بەر لۆمەی خەڵک**

# بەرەو ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

کانیاو

## بڕگەی دووهەم: کۆماری کوردستان

ئەگەر بڕوانینە جیهانی مۆدێرن و پێشکەوتوو، پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و بەدوای ئەویشدا پەرەپێدانی چەمکەکانی دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ، بە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دەژمێردرێن. ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی نەتەوەی کورددا لەو تایبەتمەندییانە بڕوانین و بە دوای یەکەم حیزبی سیاسیی مۆدێرن لە کوردستاندا بین کە بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد خەبات دەکا، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. پاش دوورخستنەوەی ڕەزاشا لە لایەن وڵاتانی ڕێککەوتوو»متفقین» و هەڵوەشانەوەی ئەرتەش و دابەشبوونی وڵاتی ئێران لە لایەن زلهێزەکانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانی دووهەمەوە، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا، ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوچەی موکریان لە نەبوونی ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی کەڵکیان وەرگرت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی و نەتەوایەتی بە ناوی «کۆمەڵەی ژێکاف».»کۆمەڵەی ژێکاف» لە سەر بنەمای شوناسخوازی و بەدەستهێنانی مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد دامەزرا. ئەندامانی»ژێکاف» بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ دۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و خەباتی ئاشکرا، بڕیاریان دا کە حیزبێکی مۆدێرن دامەزرێنن. هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا «حیزبی دێموکراتی کوردستان»یان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژێکاف لە شاری مەهاباد دامەزراند و لە ٢ی خەزەڵوەری هەمان ساڵدا بە بەشداریی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف و دەیان کەسایەتیی ناسراوی کوردستان، یەکەمین کونگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات و مەرامنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ مادەدا بڵاو کرایەوە. هەروەها پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، قازی محەممەد وەك پێشەوا و سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی «کۆمەڵەی ژێکاف» و بە دوای ئەویشدا دامەزرانی کۆماری کورستان بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری «ژێکاف» و پاشان حیزبی دێموکرات و بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە. هەر بۆیە کۆماری کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێك بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاریی بۆ دەکرا و دواتر لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەستێن سازیی بۆ کرا. پێشەوا قازی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، توانیان بە کەڵك وەرگرتن لە و ڕەخساوەکانی ئەو کات، وەك ئەکتەرێکی خاوەن پلان و ئامانج، لە وزە و پۆتانسێلی نەتەوەکەیان بۆ دامەزرانی حکوومەتی کوردی کەڵکیان وەرگرت. هەر بۆیە لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەممەد و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، خەڵکی شاری مەهاباد و میوانانی شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران هەر لە ماکۆوە تا شاری سەقز و هێندیك کەسایەتی لە پارێزگای کرماشان، میوانانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەتی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆك عەشیرەکان، بە خوێندنەوەی سروودی»ئەی ڕەقیب» و هەڵکرانی ئاڵای سێ ڕەنگی»کوردستان» دەستی پێکرد. پاشان قازی محەممەد سەرۆکی حیزبی دێموکرات، وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد کە تێیدا باسی لاپەڕەکانی مێژوویی هاوچەرخی نەتەوەیی کورد و حکوومەت و دەسەڵاتداری ئەمارەتە کوردییەکان کرد. لە کۆتایی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، پێشەوا قازی محەممەد سوێندی سەرکۆماریی خوارد. کۆماری کوردستان وەك یەکەمین دەسەڵاتی مۆدێرنی کوردی بوو کە لە ڕێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دامەزرا و بوو بە ئەمری واقیع لە ناوچەدا. هەر بۆیە دامەزرانی «کۆماری کوردستان» لە نزیك بە ٧٠ ساڵ پێش ئێستادا، بە درەوشاوەترین و گرینگترین قۆناخی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مێژووی هاوچەرخی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بە گشتی و بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەژمار دەکرێ، چوونکە تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلە لە دەسەڵاتداریی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەتا ئێستاش جێگای هەڵوێستە لە سەر کردنە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هێندێك ڕاستیی مێژووی سیاسی و شێوەی دەسەڵاتداریی کۆماری کوردستان بکرێت. پرۆسەی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە بەشێك لە خاکی کوردستان بە پێتەختیی شاری مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە بێ خوێن ڕشتن و بە شێوەی مەدەنی بە ڕێوە چوو. خاڵێکی گرینگی دیکەش ناوهێنانی کۆماری کوردستان بە «کۆماری مەهاباد»ە کە لە لایەن هێندیك کەسی ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری ئێرانی و بیانی دەچێتە خانەی شێواندنی مێژووی کۆماری کوردستانەوە. چوونکە لە هیچ بەڵگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستاندا و بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوەکانی دیکەی سەردەمی کۆماری کوردستاندا باس لە «کۆماری مەهاباد» نەکراوە، بەڵکوو باس لە «کۆماری کوردستان» دەکا. ئەگەر چاویش بە پێکهاتەی کۆماردا لە بواری بەشداریی خەڵکەوە بخشێنین، دەبینین کە بەشداریی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ڕادەیەك دیار و بەرچاوە کە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لەو بەشەی کوردستاندا کە لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هاتووە، هەموو لایەك لە هەر شوێنێك و لە هەر پارچەیەکی کوردستان بن، بە ئی خۆیان زانیوە. هەر بۆیە تاکوو هەنووکەش «کۆماری کوردستان» بە نوێنگەی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کوردە و هێمایەك بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی نەتەوەی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لە قەڵەم دەدرێ. چوونکە کۆماری کوردستان دامەزراوەیەکی مۆدێرن بوو کە تێیدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان وەك پیرۆزییەکی نەتەوەیی سەیریان دەکرد و ڕاستەوخۆش لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانیدا تێدەکۆشان، تەنانەت لە چوارچێوەی جوغرافیای کۆماری کوردستانیشدا هیچکات کوردی پارچەکانی دیکە وەك میوان یان پەنابەر لە قەڵەم نەدەدران، بەڵکوو لە بەڕێوەبردنی سیستمی ئیداری و نیزامی کۆماری کوردستاندا خاوەن پلە و پایە بوون. هەروەها کۆماری کوردستان کە یەکەمین ئەزموونی حکوومەتداریی کوردییە لە مێژووی هاوچەرخدا، لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و مۆدێرندا، لە کردەوەدا پشتبەستوو بە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران نەبوو بەڵکوو خاوەن ئیرادەی سیاسیی خۆی بوو. هەوەها دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان ڕێبەرانێکی فێئۆداڵ و عەشیرەیی نەبوون، بەڵکوو حیزبێکی نوێ و مۆدیرن بە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بوو کە لە گەڵ هەندێك چاکسازی لە دڵی کۆمەڵەی ژ.ك دا سەری هەڵدابوو. هەر بۆیە کۆماری کوردستان بە هۆی سیستمی پەروەردەی مۆدێرن، سوپای نەتەوەیی، سیستمی باج، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، زمانی نەتەوەیی و ڕێکخستنی ژنان و لاوان بۆ ژیانی سیاسی، کولتووری و پەروەردەیی جیاوازی زۆری لە گەڵ سیستمەکانی دیکەی دەسەڵاتدار لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەبوو. ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان کەم بوو و تەنیا یازدە مانگی دەوام هەبوو، بەڵام دەسکەوتەکانی ئەوەندە گەورە و گرینگ بوون کە دوای هەرەسهێنانیشی کاریگەریی وای لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە لە سەردەمی ئێستادا و دوای تێپەڕبوونی نزیك بە ٧٠ ساڵ ئەو کاریگەرییە بە ڕوخساری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەر دەبینرێ. ئەوە شانازییەك بۆ پێکهێنەری کۆماری کوردستان، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانە. چونکە حیزبی دێموکرات توانی ەرفەتی پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و ئەو جەمسەربەندییەی زلهێزەکان کە ئەو کات پێك هاتبوو بە باشی بقۆزێتەوە و بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە گوێی ئەو زلهێزانە بگەیەنێ و لەو سەردەمدا بۆ جارێکی دیکەش ئەوە بسەلمێنێ کە کوردیش نەتەوەیە و مافی خۆیەتی وەك هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەن دەسەڵات و کیانی خۆی بێت. هەر چەند کۆماری کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە گەڵ کۆمەڵێك گرفتی ئابووری و هەرەشەی سیاسی و نیزامی ڕووبەڕوو بوو. کەچی لەو ماوەیەدا توانی گەلێك دەستکەوتی گرنگ بێنێتە دێ کە زۆربەیان ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بوون. بۆ یەکەمجار حکوومەتی کوردی کە خەونی نەتەوەی کورد بوو، لە مێژووی هاچەرخدا هاتە دێ. ئەوەش ئەگەر بۆ فاکتەرێك بگەڕێتەوە، تەنیا ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو پەڕی شانازییەوە خەباتی لە پێناو مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد دەکرد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بڕوایان بە بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات بوو و ئامادە بوون لەو پێناوەدا خزمەت بە کۆماری کوردستان بکەن. مەزنترین و گرینگترین دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کە هەنووکەش لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا جێگای شانازین ئەوانە بوون: بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و بە کارهێنانی لە قوتابخانەکان و ئیداراتی دەوڵەتیی حکومەتی کوردستان و تەنانەت لە وتاری نوێژی هەینی لە مزگەوتەکانیشدا بە زمانی کوردی بوو. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە٢٠ی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا چاپ و بڵاوکرایەوە کە بە دەیان کەسایەتی و رووناکبیر کاریان تێدا دەکرد کە جێ پەنجەیان لە ئەدەبیاتی کوردیدا حاشاهەڵنەگرە. ناولێنانی چەکداری کورد بە «پێشمەرگە» و پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئاڵای کوردستان و سروودی «ئەی ڕەقیب» وەك سروودی نەتەوایەتی بۆ کوردستان و گرینگیدان بە ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەیان گوڤار و کتێب و ڕادیۆ دەنگی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کوردستان، ئێران و جێهان و شانۆ و سینمای کوردی لە دەسکەوتە گرینگەکانی کۆماری کوردستانە و شانازییەکەشی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تومار کراوە. کۆماری کوردستان هەروەها لە بواری پاراستنی ئاسایشی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا توانی ئاسایشی هاووڵاتیان دابین بکات، پێشگیری لە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان بکات و زەمینەی بۆ چالاکیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بە تایبەت بۆ نەتەوەکانی دیکەی ڕەخساند. لە ماوەی ئەو ١١ مانگەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا وێڕای ئەوەی کە بە هەزاران کەس چەکدار بوون، تەنیا یەك کەس لە مەهاباد کوژراوە. دەسکەوتێکی گرینگی سیاسیی دیکەی کۆماری کوردستان، پەیمانی برایەتی و یەکیەتی لە نیوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بوو. لە ڕێکەوتی ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاویدا پاش وتوویژێکی زۆر لە نێوان هەر دوو حکوومەتدا پەیمانی یەکیەتی و برایەتی لە نێوان کوردستان و ئازەربایجان لە ٧ مادەدا واژۆ کرا کە وەرچەرخانێکی ئەرێنی لە پێوەندییەکانی هەر دوو لا دادەنرێت. گرینگترینی مادەکان ئەوە بوو کە»لە ئازەربایجاندا لەو جێگایانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردە، کاری ئیداری بە کوردەکان دەبێ و لە کوردستاندا لەو جێگایانەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئازەری بن، کاری ئیداری بە ئازەرییەکان دەبێت. هەروەها هەرکات پێویست بێ لە گەڵ حکوومەتی تاران وتوویژ بکرێ، بە پەسەندی هەر دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان بێت. لە مەڕامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ساڵی١٣٢٤دا بڵاو کرایەوە، کەمتر لە دوو مانگ پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، باس لە دێموکراسی و ئازادی و بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کورد دەکات. واتە حیزبی دێموکرات دەبێ پەرە بە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانیی ژنان و پیاوان لە سەرجەم کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا بدات. لە ماوەی ژیانی کورت و پڕ لە شانازیی کۆماری کوردستاندا، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەرچی لە مەڕامنامەکەیدا بەڵێنی ئەوەی دابوو لیژنەیەك بۆ دەستنیشانکردنی مکانیزمیك بۆ هەڵبژاردن و دێموکراسیی پارلمانی دابنێ، بەڵام بە هۆی تەمەنی کورتی کۆمار نەیتوانی ئەو ئاواتە بەرێتە سەر. هەر بۆیە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات خۆی بە تەنیا هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، داد و ڕاپەڕاندنی لە دەستدا بوو. کۆماری کوردستان هەروەها لە ڕووی ئابوورییشەوە، سەرەڕای ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە بە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا سەپێنرابوو، توانی لە ڕێگای باجی موڵك و خانووبەرە و ئابوونەی حیزبی و موڵکی هێندیك دەرەبەگی ڕاکردوو سەرچاوەی داهات پەیدا بکات. هەروەها کۆماری کوردستان هەوڵی زۆری دا کوردستان لە ڕووی بازرگانی و کشتوکاڵەوە ببووژێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیایەکی بازرگانی بە هاوکاریی بازرگانانی شاری مەهاباد لە ژێر ناوی» کومپانیای تەرەقیی کوردستان» دامەزراند. هەر وەها هانی بازرگانانی دەدا کە لە دەرەوە و بە تایبەتی لە کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتیی سوڤیەت کەل و پەل بهێنن و بەرهەمەکانی کوردستان وەك تووتن، خوری و کەتیرەیان پێ بفروشن. ئەمڕۆ لە بەرەبەری ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هیوا بە سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان زۆر نزیکە. خەباتی نەتەوەی کورد بە گشتی و بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قۆناخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ. ئاڵوگۆڕەکان بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا و بە تایبەتی لە ئێراندا بە شێوەیەکی زۆر خێرا دەچنە پێش. ئەو هەڵوێست و سیاسەتانەی کە لە لایەن وڵاتە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکانی جێهانەوە لە هەمبەر ئێراندا دەگیرێن، بە دڵنیاییەوە زیاتر لە جاران کورد بە نزیکبوونەوەی ڕۆژی سەرکەوتن هیوادار دەکات. چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا و جیهان بەگشتی سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامییان بۆ دەردەکەوێ و زیاتر لە جاران سیاسەتی دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر نەتەوەکانی ئێران، باشتر دەناسن و پێیان ئاشنا دەبن.



---

رۆژهەڤ

## زەریف و قسە ناڕاستەکانی

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «واشینگتۆن پۆست» وتارێکی لە ژێر ناوی «نەبوونی پەیوەندیی زەریف لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ» بە قەڵەمی مەهشید عەلی نژاد بڵاو کردووەتەوە کە وەك لە ناوەکەی ڕا دیارە باسی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی ڕووحانی دەکات. نووسەر لە سەرەتای وتارەکەدا دەنووسێ: «موحەممەد جەواد زەریف، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران مانگی ڕابردوو لە وتووێژێکی تەلەفزیۆنی بە میوانداری چارلی ڕۆس پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئێران «خەڵك بە هۆی بیروباوەڕیانەوە ناخاتە زیندان»، قسەیەك کە دەنگی ناڕەزایەتی لە لایەن ئەو چالاکوان و ڕۆژنامەنووسە ئێرانیانەوە بەرز کردەوە کە بوونەتە میوانی سیستمی زیندانی ئێران. وێنەیەکی فۆتۆشاپکراوی زەریف بە لووتێکی درێژی دارییەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو بە شێوەی ئانلاین بڵاو کرایەوە. ڕۆژنامەڤان بەهمەن ئەحمەدی ئەمویی، کە لە ڕووداوەکانی ٢٠٠٩ خرایە زیندان، بە نامەیەکی سەرئاوەڵە بانگەشەکەی زەریفی بە پێکۆڵ کێشا.»

نووسەر لە بەشێکی دیکەدا بە ئاماژەدان بەوەی زەریف ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی قسەکەی لەسەر لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی بڵاو کردەوە و تێیدا داوای لە ڕەخنەگرانی کردووە کە «ڕێز بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان» دابنێن، دەڵێ «بەڵام ئێمە باس لە چ بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی دەکەین؟»، دواتر شی دەکاتەوە کە مەبەستی ناوبراو لەو قسە چیە؟

نووسەر دەنووسێ: «من ژنێکی ئێرانیم کە لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا، لە کاتێکدا دووگیان بووم، بە هۆی هەوڵدان بۆ دروستکردنی نامیلکەیەکی خوێندکاری خرامە زیندانەوە، بە واتایەکی دیکە، لەبەر بیروبۆچوونم. وەك زۆر کەسی دیکە ناچار بە تاراوگەنشینی بووم کە بووەتە لەمپەرێك لەبەردەم بینینی بنەماڵەم بۆ ماوەی ٦ ساڵ، واتە لەبەر بیروبۆچوونم».

نووسەر دواتر بە ئاماژە بە چەندین نموونەی هاوشێوەی خۆی، باسی ئەوە دەکات کە تەنانەت ئازادیی لەبەرکردنی جلوبەرگیش لە ئێراندا بوونی نیە، چ بگا بە ئازادیی بیروباوەڕ و دەڵێ تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا ٣،٦ میلیۆن ژنی ئێرانی لە لایەن پۆلیسەوە لەو بارەوە هۆشدارییان پێ دراوە.

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «با ڕەپوڕاست بڵێم: زەریف ئەو کارە دەکات کە بۆی بەکرێ گیراوە، کە پاراستنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.»

لە کۆتاییدا دەنووسێ: «من دژی درۆم. بەڕێز زەریف! ئێرانییەکان هیوادارن تۆ لە هەوڵەکانت بۆ لابردنی گەمارۆکان و گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی ناوکی سەرکەوتوو بیت. بەڵام ئەو چاوەڕوانییەت لێمان نەبێ چەپڵەت بۆ لێبدەین لە کاتێك «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» وەکوو کارتێك بۆ لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ دژی ڕۆژنامەنووسان، جیابیران، کەمایەتییە ئایینییەکان و ژنان بەکار دێنی. ئێمە ـ خەڵکی ئێران ـ خوازیارین وتووێژێکیش لەسەر دابینبوونی مافەکانمان و ئازادیمان بکرێ.»

سەرچاوە:
Washingtonpost.com

# پاش ڕێککەوتنی کۆتایی، چاوەڕوانییەکانی خەڵک زیاد دەکات، ناڕەزایەتییەکان بەربڵاوتر و گوشارەکان زیاتر دەبێ



**بڵاوکراوەی «نا بۆ ئیعدام» سەر بە کومیتەی نێونەتەوەیی دژی ئیعدام لە ژمارەی یازدەهەمی خۆیدا وتووێژێکی لەمەڕ دانووستاندنەکانی لۆزان لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجام داوە کە دەقی ئەم وتووێژە لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.**

**نا بۆ ئیعدام: زۆرکەس تەفاهۆمی لۆزان بە جامی ژەهری دووهەم بۆ کۆماری ئیسلامی ناوەزد دەکەن و زۆرکەسیش ئەم بابەتە لەگەڵ جامی ژەهری یەکەم واتە ڕاگەیاندنی ئاگربەس لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پاش شەڕی هەشت ساڵە بەراورد دەکەن. پاش قبووڵ کردنی ئاگربەس، کۆماری ئیسلامی دەستی دایە ئیعدامی هەزاران کەس لە نەیارانی سیاسی خۆی، گەلۆ ئێستا ئەگەری هەیە ئیعدامەکان پەرە بستێنێ و سەرکوتی بەندکراوان بەربڵاوتر بێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەزموونی تا ئێستای ئێمە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمە بووە هەرکاتێ بە هۆی هەڵە گەورە سیاسییەکان و بەرەزەفرییەکانیان لەگەڵ شکستێکدا بەرەڕوو بووبێتنەوە ـ وەك شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ـ تێچووی ئەم شکستانە دەبێ خەڵکی ئێران بیدەن. ڕاگەیەنراوی تەفاهۆمی لۆزان لە نێوان گرووپی ١+٥ و ئێرانیش بەپێی ئەو ئەزموونە لەم حاڵەتە بەدەر نییە، بەم واتایە کە ئەگەر هەوڵی هەڵەی ڕێژیم لە پێناو پیتاندنی ئۆرانیۆم بە مەبەستی دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیی بە سەدان میلیارد دۆلار لە داراییەکانی ئێرانی بە فیڕۆ داوە و بە نرخی بێکاری، هەژاری و نەداری خەڵکی ئێران تەواو بووە، تەفاهۆمەکەی لۆزانیش ئەگەر بە ڕێککەوتنی کۆتایی بگات دەبێ چاوەڕوانی توندتربوونەوەی کەش و هەوای ئەمنیەتیی نێوخۆی ئێران و بەردەوامبوونی گوشارەکان و ئیعدامەکان بین، چونکوو ئەم ڕێژیمە بە باشی لە ڕق و بێزاری خەڵك لەهەمبەر خۆی ئاگادارە و دەزانێ بە ڕەخساندنی چووکەترین دەرفەتێ دژی ڕێژیم ڕادەپەڕن و ئەم ڕێژیمە دژەخەڵکییە دەڕووخێنن و چونکوو ڕێژیم تاکە ڕێگای مانەوەی خۆی لە پیشاندانی سەرەنێزە، پێکهێنانی کەشی ترس و تۆقاندن و نەدانی دەرەتان بە خەڵکی ئێران دەبینێتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەشەکە ئەمنییەتی¬تر دەکات و ئیعدام و شێوە جیاوازەکانی پێکهێنانی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکدا زیاتر دەکات.

**نا بۆ ئیعدام: خامنەیی لە یەکەمین دژکردەوەی خۆیدا لەهەمبەر تەفاهۆمی لۆزان ڕایگەیاند کە نە هاوڕایە لەگەڵ ئەم دانووستاندنانە و نە دژیشیەتی، چونکوو هێشتاکە هیچ ڕووی نەداوە« ڕوانگەی ئێوە سەبارەت بەم دژکردەوەی خامنەیی چییە؟**

**مستەفا هیجری:** من لەسەر ئەم بڕوایەم کە خامنەیی زیاترین چاوەدێری بووە بەسەر کار و چالاکییەکانی تیمە دانووستانکارەکە و ڕێککەوتنی لیژنەکەی ئێران لەسەر تەفاهۆمەکەی لۆزان بە بێ مۆڵەتی ڕاستەوخۆی ناوبراو نەهاتووەتە بەرهەم، بە هەمان شێوە کە ئۆباماش لە یەکێك لە لێدوانەکانیدا هێما دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی نامە نهێنییەکانی نێوان خۆی و خامنەیی، وا دیتە پێش چاو خامنەیی فەرمانی داوە بە گرووپی دانووستانکارەکەی کە پوان بدەن بە لایەنی بەرامبەریان.

**نا بۆ ئیعدام: گەلۆ ئێران ڕێگەچارەیەکی جگە لە دانووستاندن و تەفاهۆمی ناوکی لەگەڵ ڕۆژئاوادا نەبوو؟ گەلۆ دانووستان¬نەکردن بە واتای گەمارۆی زیاتر و ئەگەری هەڵایسانی شەڕ بوو؟ لە ئەگەری ملنەدان بۆ دانووستان و تەفاهۆمدا، کۆماری ئیسلامی لە چ هەلومەرجێکدا خۆی دەبینینەوە؟**

**مستەفا هیجری:** بە هەمان شێوە کە دەزانین لە ساڵە سەرەتاییەکانی پڕۆسەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و درکاندنی بەشێك لە هەوڵە نایاساییەکانی ئێران لەم پێوەندییەدا، ڕێژیمی ئێران بە هۆی گوشارە نێونەتەوەییەکان ئامادەی دانووستاندن بوو. بەڵام پاش ماوەیەك دانووستاندنەکانی بەجێهێشت و درێژەی دا بە پڕۆگرامی پیتاندنی ئۆرانیۆم و لە ماوەی ئەم ساڵانەدا هەوڵیان داوە بە هەر شێوەیەك کە بۆیان لواوە لە دەرفەتەکان کەڵك وەربگرن و خێراتر پڕۆسەی پیتاندنەکە بەرەوپێش ببەن، ئاکامی ئەم کردەوانە داسەپاندنی گەمارۆی ئابووری لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و یەکیەتی ئۆرووپا بوو، ئەو کاتەی کە گەمارۆکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و توندتر دەبوونەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم و خودی خامنەیی کە گاڵتەیان بەم گەمارۆیانە دەهات لە ئەنجامدا تێگەیشتن کە ئابووری وڵات دارماوە و ئەم جارەیان لە ڕووی ناچارییەوە گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانووستاندنەکان. ئاکامەکەی دەبێتە ئەمە کە دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی ئەولەوییەتی یەکەمی کاری بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بووە و هەر بەم هۆیە ئامادەیی ئەوەیان هەبوو کە گوشارە نێونەتەوەییەکان لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجە تەحەمول بکەن، بەڵام ئەوکاتەی کە ئەم گوشارانە بە شوێنێ گەیشتن کە ڕێژیم تێگەیشت لەمە زیاتر ناتوانێ بەرگە بگرێ، دیتمان کە لە ساڵی کۆتایی سەرۆك کۆماریی ئەحمەدی نژادا و بە بێ ئاگاداری ناوبراو، نوێنەری خامنەیی لە عوممان لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا بە شێوەی نهێنی دەستیان دایە دانووستاندن و وا دیارە کە لەگەڵ ئەم دانووستاندنانەدا خۆبەدەستەوەدانی ڕێژیم دەست پێ دەکات و پاش دەسبەکار بوونی سەرۆك کۆماریی ڕووحانی بەردەوامیی بە خۆیەوە بینی. هەربۆیە قبووڵ کردنی دانووستاندن لە ڕووی ناچارییەوە بوو و ئەگەر ڕێژیم ڕێگەچارەیەکی دیکەی بۆ درێژەپێدان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لەبەردەستدا بوایەت بەمشێوە کۆڵی نەدەدا. ئەگەر وەك پێشتر لەسەر درێژەدان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم پێداگری کردبا، لە قۆناخی یەکەمدا گەمارۆکان بەربڵاوتر و توندتر دەبوو و ئەگەری ئەوە لە ئارادابوو کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی دەستپێکی شەڕ، چونکوو ڕۆژئاوا سوور بوو لەسەر ئەوەیکە بەهەر شێوەیەك بووە پێش بە دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی بگرن، شەڕێك کە دۆڕاوەکەی کۆماری ئیسلامی بوو و کۆمەڵێ لێکەوتەی پێشبینی نەکراوی بەدواوە بوو.

> **تەفاهۆمەکەی لۆزانیش ئەگەر بە ڕێککەوتنی کۆتایی بگات دەبێ چاوەڕوانی توندتربوونەوەی کەش و هەوای ئەمنیەتیی نێوخۆی ئێران و بەردەوامبوونی گوشارەکان و ئیعدامەکان بین**

**نا بۆ ئیعدام: بە شێوەیەکی گشتی ئەم دانووستاندنانە چ قازانجێکی بۆ کۆماری ئیسلامی و هێزە جیهانییەکان بوو؟ گەلۆ گۆڕانێکی لە ڕەوتی سیاسی، ئابووری و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئەم وڵاتانە لێ دەکەوێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** ئاکامی ئەم دانووستاندنانە بەو شێوەی کە لە تەفاهۆمەکەی لۆزان دیار بوو، لە ژێر چەندین مەرج و پێشمەرج هەڵگرتنی هەنگاو بە هەنگاوی گەمارۆ ئابوورییەکان و لە ئاکامیدا باشتربوونی ڕێژەیی ئابووری ڕێژیم و و بە ڕادەیەکی کەمتر بژێوی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام نەك لە کورت ماوەدا، چونکوو هۆکارگەلێکی زۆر وەك دابەزینی نرخی نەوت کە پێشبینی دەکرێ بە فرۆشی نەوتی ئێران و تێربوونی بازاڕ زیاتر دابەزێ، سواوبوونی بیرە نەوتییەکان کە نوێژنکردنەوەیان کات دەبات، تێچووی قورسی بەڕێوەبەریی شەڕی سووریە، پاڵپشتییە دارییەکان لە حیزبوڵڵا، حوسییەکان لە یەمەن و گرووپە تیرۆریستیەکانی دیکەی هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی و لە هەمووی گرینگتر سیاسەتی ئابووری ناکارامەی ڕێژیم و زۆر بابەتی دیکە، کۆسپێکن لە بەردەم پشکوتنی ئابووری ئێران بە شێوەی بەرچاو. بەڵام هێزە جیهانییەکان باشترین دەسکەوتیان لەم دانووستاندنانە بەدەست هێناوە، چونکوو ئەوەیکە لە نێوەڕۆکی گشتیی ئەم تەفاهۆم نامە و قسەکانی کاربەدەستانی باڵای وڵاتانی ١+٥ دەردەکەوێ ئەوان توانیویانە پێش بە ئێران بگرن کە چیدیکە ئۆرانیۆم بە مەبەستی چێکردنی چەکی ناوکی نەپیتێنێ بە بێ ئەوەیکە تێچوویەکیان دابێ لە کاتێکدا باشترین دەسکەوتیان دەبێ لە بازرگانی کردن لە گەڵ ئێراندا و ئەگەری ئەوەش هەیە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی.

**نا بۆ ئیعدام: کاریگەرییەکانی دانووستاندنەکان و ئاکامەکەی لە ناوچەکە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا چۆن دەبێ؟ بە تایبەت کاریگەریی لەسەر بێدەنگیی یان دەنگ هەڵبڕینی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لەمەڕ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا چ دەبێ؟**

**مستەفا هیجری:** کاریگەرییەکانی ڕێکەوتنی کۆتایی (ئەگەر بە ئاکام بگات)، دەستی ئێران بۆ یارمەتییە داراییەکانی بۆ هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئاوەڵاتر دەکات، دیسانیش هەناردە کردنی شۆڕش و ئاکامەکەی شتێك جگە لە ئاژاوە، ناسەقامگیری و بشێوی زیاتر لەم ناوچە قەیراوناوییەدا بە دواوە نابێ.

**نا بۆ ئیعدام: پاش دانووستاندنەکان کۆماری ئیسلامی لەباری سیاسییەوە لە چ هەلومەرجێکدایە؟ هەڵوێستی ڕەوتە نێوخۆییەکان بریتی لە ئۆسوولگەرا و ڕیفۆرمخوازان چ بوو؟ ئەم دانووستاندنە و ئاکامەکەی بارودۆخی نێوخۆیی بەرەو کام لا دەبات؟**

**مستەفا هیجری:** هەڵوێستی ڕیفۆرمخوازان بە شێوەیەکی گشتی پێشوازی لە ئاکامی دانووستاندنەکان بوو، هەروەها چاوەڕوان دەکەن ئاکامی ئەم پڕۆسەیە پێگەی دەوڵەتی ڕووحانی لە نێو خەڵکدا قایمتر بکات کە ئەمە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئەگەری هەیە بە قازانجی لایەنگرانی ناوبراو و بە شێوەیەکی گشتی پارێزکارەکان کە ڕیفۆرمخوازانیش لەخۆ دەگرێ تەواو بێت، بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئاکامی ئەم دانووستاندنانە هەڵوێستی ئۆسوولگەراکان کە بە شێوەی جۆرواجۆر دژی دانووستانەکان و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکادا بوون هەرچەند پاش ڕاگەیاندنی تەفاهۆم نامەکە بە هۆی پاڵپشتیی خامنەیی لە بەردەوامیی دانووستاندنەکان لە چوارچێوەی ڕوانگەکانی ڕێبەردا لێدوان دەدەن لە نێو خەڵکدا لاواز دەکات کە ڕیفۆرمخوازەکان ئەم بارودۆخە لە قازانجی خۆیاندا دەبیننەوە. لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی نێوخۆیی چاوەڕوان دەکرێ کە داخوازییەکانی خەڵك لەباری ئابووری و سیاسی بەرز ببێتەوە. چونکوو ئەگەر تا ئێستا بە بیانووی گەمارۆی ئابووری لەمەڕ ئەو هەموو گوشارە پاساویان بۆ خەڵك دەهێنایەوە، پاش ڕێککەوتنی کۆتایی چاوەڕوانییەکانی خەڵك دەچێتە سەرێ و چونکوو ڕێژیم توانای وەدیهێنانی ئەم چاوەڕوانییانەی نییە ناڕەزاییەتییەکان بەربڵاوتر دەبنەوە و گوشاری زیاتر دەخەنە سەر ڕێژیم.

**نا بۆ ئیعدام: خەڵك و کۆمەڵگای مەدەنی بە چ شێوەیەك لەگەڵ ئەم دانووستاندنانەدا هەڵسوکەوتیان کرد؟ کاریگەرییەکانی دانووستاندنەکان و ئاکامەکانی لەسەر ژیان و بژێوی خەڵك چۆن بوو؟ گەلۆ پاش دانووستاندنەکان و ڕێککەوتن، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵك بەرەو باشە دەڕوات؟**

**مستەفا هیجری:** بە هەمان شێوە کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد بە بڕوای من خەڵك و کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاکامی دانووستاندنەکان ڕازی و شادۆمان بوون و ئەم شادۆمانییەیان بە سەما و دەربڕینی خوشحاڵیی لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا پیشان دا. ئەم سەما و پاکوتانە لەخۆگری ڕاستییەکی دیکەش هەیە و ئەوەش ئەمەیە کە لە ڕەوتی دانووستاندنەکاندا ناوەناوە ژمارەیەك لە کەسانی ڕێکخراو دەرژانە شەقامەکان و دروشمی «وزەی ناوکی مافی بێ ئەملا و ئەولای ئێمەیە» یان دەدا، ئێستا خەڵك لەبەر هیوا بە باشتربوونی دۆخی کار و ژیانیان بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان دەست دەکەن بە شایی و سەما، لە هەمان کاتدا زۆربەیان دەزانن کە پێداگریی ڕێژیم لە ماوەی ئەم هەموو ساڵەدا لەسەر درێژەدانی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بووە و ئاکامی تەفاهۆم نامەکە پێشگرتن بە ئێران بۆ سەرنەکەوتن لەم بوارەدایە.

**نا بۆ ئیعدام: وەك دوایین پرسیار بە ڕای ئێوە لە هەلومەرجی ئێستادا چلۆن دەتوانرێ بە شێوەیەکی بەربڵاو دژی ئیعدامەکان لە ئێراندا کارێك بکرێت؟**

**مستەفا هیجری:** وا دیارە کە لە ئێرانیشدا وەك زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین گرووپگەلێکی بەرچاو لە خەڵك هێشتا بڕوایان بە ئیعدامە، هەرچەن ئەم بڕیارانە بە نایاسایی بزانن و بە دادوەرانەی نەزانن. ئەو گرووپ و توێژانەشی کە دژی بڕیاری ئیعدامن بە هۆی گوشاری سەرەنێزەی ویلایەتی فەقیهـ دەرتانی کار و چالاکی بەربڵاو و ڕێکخراویان دژی ئیعدام نییە، لە بڕگەی زەمەنیی ئێستادا ئەم ئەرکە دەبێ لە لایەن ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات کە دژی جێبەجێ کردنی بڕیاری ئیعدامن و دەستیان ئاوەڵایە بۆ کار و چالاکی سیاسی وەئەستۆ بگیردرێ و لەم پێوەندییەدا بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەست¬نشیتی، مانگرتن لە خواردن و سەردانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بە مەبەستی گوشار هێنان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی بڕیاری ئیعدام، کار و چالاکی یاسایی ئەنجام بدەن.

# ڕووناکبیران یان گوێ لە مستانی دەسەڵات

**کەیهان یووسفی**

کۆمەڵە کەسێك بە هەڵە و لەبەر چەند هۆیەك خەریك بوو دەبوونە قارەمانی میللەت و داکۆکیکاری مافی گەل. لەم نێوەشدا زۆر لایەنی کوردی واتە حیزبە کوردییەکان تریبۆنەکانی خۆیان کردبووە هاوینەهەواری ئەم کەسانە و هەم لە تریبۆنی ئەم حیزبانەوە بە زەینی خۆیان بەرگرییان لە مافی گەل دەکرد و هەمیش لە نێوخۆی وڵات و لە تریبۆنە ڕێگەپێدراوەکانەوە خۆیان دەردەخست؟

زۆر جاریش ئەم بە ناو قارەمانانە ئاوڕییان لە مێژوو دەدایەوە و تاوانباری گشت ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردووی کوردکوژی و قەڵاچۆی خەڵکی کوردستان و دواکەوتوویی ئابووری و بووونی فەزای ئەمنییەتییان گرێ دەدا بە خەباتکارانی کوردی ساڵانی شەڕی داسەپاو بەسەر کوردستان و حیزبەکانی کوردستاندا، بێ ئەوەی بوێرن قامکی تاوان بۆ لای دەسەڵات و ڕێژیم ڕاکێشن.

ئەمانە نازناوی ڕووناکبیر و ئیلیتیان لە سەر خۆ داناوە و بە وتەیەك خۆیان کردبوو بە کەوا سووری بەر لەشکەر!

کوژرانی گوماناوی کچە لاوی مەهابادی «فەریناز خوسرەوانی» و ڕاپەڕینی خەڵکی مەهاباد و پشتگیری کوردانی گشت پارچەکانی کوردستان لە جیاتی ئەوەی پشتگیری ئەم بە ناو ئیلیت و ڕووناکبیرانەی لەگەڵدا بێت، کەوتە بەر ڕەخنە و لۆمە و تەنانەت هێرشیان بۆ سەر خۆپیشاندەران و پاساو هێنان بۆ هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم و دیسانەوە تۆمەتبارکردنی حیزبەکان!

چەمکی ڕووناکبیر و ئەرکی وێدەچێت لە لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ماناکەی تووشی گۆڕان هاتبێت؟ ڕووناکبیر لە بەرانبەر دەسەڵاتی ملهوڕ لە هەر ئاستێکدا ڕادەوستێت و ئەرکی بە پێکۆڵ کێشانی دەسەڵاتە، ئەو نوێنەر و پەیامهێنەری هەقیقەتە لە بەرانبەری هەر دەسەڵاتێکدا و لە هەر کوێ بێت دژایەتی سەرەڕۆیی و ملهوڕی دەکات.

ئەرکێك و کارێك کە لەگەڵ پیشەی ڕووناکبیرانی ئێمە زۆر جیاوازی هەیە؟ بەشێك لە بە ناو ڕووناکبیری کوردی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جیاتی ئەوەی بە دوای هەقیقەتدا بگەڕێت، وێڵ و سەرگەردانی نێو دامەزراوەکانی دەسەڵاتە و نان و پلە و پایە سواڵ دەکات. ڕووناکبیرانیش وەکوو گشت مرۆڤەکان خواست و پێداویستیان هەیە و دەسەڵاتیش بە چاکی لەم ئەسڵە تێگەیشتووە. ترس، پارە، پلە و پایە و... ئەو فرت و فێڵانەیە کە دەسەڵات کەڵکی لێوەردەگرێت بۆ دەستەمۆکردنی ڕووناکبیران.

لە ڕاستیدا ئەم ڕووناکبیرانە خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نین کە کاریگەری لە سەر حکوومەت دابنێن و ئەوە ئەوانن کە دەکەونە ژێر کاریگەریی دەسەڵات و هەر بۆیەش حکوومەت لە باشترین حاڵەتدا لێیان دەگەڕێت تا خەریکی کاری توێژینەوەی بێ مەترسی بۆ سەر دەسەڵات بن.

هەڵچوونی کەسانێك وەکوو ڕەحیم فەرەهمەند، عەبدوڵڵا ئەبریشەمی، سەلاح خەدیوو و چەن کەسێکی دیاری دیکەی مەهابادی و هێرش و لۆمەیان بۆ سەر خۆپیشاندەران و تۆمەتبارکردنی خۆپیشاندەران و گرێدانی نارەزایەتیەکان بە حیزبەکانەوە بێ ئەوەی هیچ هۆکار و بەڵگەیەك لە بەردەستیاندا بێت و بوون بە دەمڕاستی ڕێژیم و فرمێسك ڕژاندن بۆ حکوومت و خاوەنانی سەرمایە لەو شارە دەتوانێت چ مان بۆ دەربخات! جیا لەوەی کە ئەمانەش خەریکن شان بەشانی باتۆم و چەك بە دەستەکانی نێوشەقام بە چەشنێکی دیکە کۆشکی دەسەڵات دەپارێزن.

ئایا ئەم کەسانە کە خۆیان بە ڕووناکبیر و خەمخۆری خەڵك و گەل دەزانن بۆ لە خۆیان ناپرسن کە لۆمە و تۆمەتبارکردنی نارەوای خۆپیشاندەران واتای پارێزگاری لە خاك و گەل و نیشتمانە یان حکوومەتی داگیرکەر؟ ئایا ئەو پرسیارەیان لە خۆ کردووە کە دەسەڵات بەرهەمهێنەری توندوتیژییە یان خەڵك؟ خۆپیشاندانی مەدەنی بۆ دەبێت بە چەکی ساچمەیی و بریندارکردنی خۆپیشاندەران وەڵام بدرێتەوە و ئەویش لە حاڵێکدا و بە وتەی خودی بەرپرسانی ڕێژیم دروشمی خۆپیشاندەران دژی حکوومەت و دەسەڵاتیش نەبووە و ڕووی بە خاوەنی هۆتێلەکە بووە.

فەرەهمەند و ئەبریشەمی لە دەربڕینەکانیاندا نیگەرانی لە دەستچوونی دەرفەتی سەرمایەگوزاری لە مەهاباد لە لایەن حکوومەتەوە بوون؟ باشە ئایا لە خۆیان پرسیار دەکەن کە ڕێژیم لە ماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا چ سەرمایەگوزارییەکی بنەڕەتیی لە کوردستان کردووە کە هەنووکە ئیتر بەم هۆیەوە درێژەی نادا؟ ئایا بۆ تەنیا لە کوردستاندا بە هۆی خۆپیشاندانێکەوە دەبێت ڕەوتی سەرمایەگوزاری حکوومەتی پەکی بکەوێت؟ ئەی لە تاران، ئیسفەهان، تەورێز و شیراز بۆ وا نەبوو؟ ئەم شارانەش لە ماوەی ڕابردوودا شاهیدی چەندین خۆپیشاندانی هێمن و ناهێمن بوون.

خەمخۆرانی خاوەنی هوتێل و دەسەڵات بۆچی لە هەمبەر ئەو هەموو زەبر و زەنگ و گوشارەی کە لە سەر خەڵك هەیە بێ دەنگن؟ ئەبریشەمی نیگەرانی بێکاری کرێکارانی هۆتێلەکەیە؟ ئایا بڵێی ناوبراو گوێی لە تەقەی پاسدار و هێزی سەر سنوور بوویێت کە ڕۆژانە لە ناوچەکەی ئەو کۆڵبەر و کاسبکاری کورد دەکوژن؟؟

هەڵوێستەکان بە نیسبەت ئەم ڕووداوە زۆر شتی سەلماند، زۆر شت کە تاڵ و جێی شەرمن بەڵام ڕاستین. ڕاستی ڕوومەتی بەشێك بەناو ڕووناکبیران و ئیلیتی ئێمە کە پێمان دەڵێت بە داخەوە ئەوان گوێ لە مستی دەسەڵاتن و نەك بەرگریکاری مافی خەڵك.

لەم ڕۆژانەدا بە نووسینەکانیەوە دیار بوو کە چەندە بە پەرۆشن بۆ ڕووخانی دەسەڵات و بە پێکۆڵکێشانی هەیمەنەی درۆیینی ڕێژیم. ڕێژیمێك کە باوەڕی نە بەوان هەیە و نەك بە مافی نەتەوەکەیان.



# لە سێدارەدانی نهێنی لە ئێران

**عارف وەڵزی**

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە هەموو جۆر و لایەنەکانییەوە، یەکێك لەو مژارە هەمیشە گرینگ و سەرەکییانە بووە کە بە درێژایی مێژووی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و گۆڕینی سیستمی دوگمی پاشایەتی بۆ سیستمی دوگمی ویلایەتی فەقیە، هەمیشە ناوەند و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ڕاگەیەنە گەورە و پچووکەکانی دونیای پێشکەوتووی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەمیشە فەرق و جیاوازیدانانی نەتەوەیی، ڕەگەزی و ئایینی لەسەرووی هەموو پێشێلکارییەکاتی دیکەی ڕێژیمەوە بووە و بۆ پێکانی ئامانج و پیادەکرنی سیاسەتە دژە مرۆییەکانیان، هەمیشە ئازادی دینی و مەزهەبی، ئازادی ڕادەربڕین، بابەت و مژارەکانی پێوەندیدار بە نەتەوە جیاجیاکانی ئێران، گردبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە، ئازادی ڕۆژنامەگەری و .... هتدی بە هێڵی سوور و هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی نوێنەری خوا لەسەر زەوی داناوە و بۆیە بە توندترین شێوە بە گرتن و ئەشکەنجە و بڕینی ئەندامانی لەشی مرۆف و لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان، وەڵامی خەڵکیان داوەتەوە و تەنانەت لەو پێناوەدا دەستیان لە لەسێدارەدانی منداڵان و مێرمنداڵانیش نەپاراستووە.

ئەوەی کە تا ئێستا ئاشکرایە و بینیومانە، زیادبوونی ڕێژەی لەسێدارەدانەکانە لە حکوومەتە یەك لە دووای یەکەکانی ئێراندا. سەرەڕای وادە و بەڵێنەکانی سەرکۆمارە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، هەمیشە دووابەدووای کۆتایی هاتنی هەڵمەتی بانگەشە و ئاشکراکردنی بەناو ئاکامی هەڵبژاردنەکان، دیسانەوە لە جیاتی کرانەوەی سیاسی و مەدەنی کۆمەڵگا، چوونەسەری ئاماری گرتن و لەسێدارەدانەکان بەرچاوتر بووە و گەیشتۆتە ئاستێك کە نارەزایەتی و دژکردەوەی ناوەندکانی مافی مرۆڤی لێ کەوتۆتەوە و بە دەیان جار لەسەر ئاستی جیهانیی بە توندترین شێوە مەحکووم کراوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ناوەند و ڕێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، چەندین جار ڕایانگەیاندووە و بە بەڵگە سەلماندوویانە کە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە لەژێر ناوی بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە لە ئێران لە سێدارە دەدرێن، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ئایینی و ڕۆژنامەوان و ئازادیخوازانی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانی ئێرانن.

هەر لەو پەیوەندییەدا، ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری تایبەت بە مافی مرۆڤی ئێرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دووایین ڕاپۆرتی خۆیدا، لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا کە لە ٢٠١٥/٠٤/٠٩ لە ژنێف بڵاو کرایەوە، سەرەڕای ئەوەی کە دۆخی مافی مرۆڤی لە ئێران و زیادبوونی ڕێژەی لەسێدارەدانەکان بە گشتی و لەسێدارەدانە بان یاساییەکانی بەتایبەت لە چەند حەوتووی ڕابردوودا مەحکووم کرد، ڕایگەیاند کە لە زۆربەی لەسێدارەدانەکاندا، ناوەندە فەرمییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو کەسانە کە لە سێدارە دەدرێن بڵاو نەکردۆتەوە، ئەوەش بەو واتایە دێت کە بەشێك لەو کەسانە بە نهێنی لە سێدارە دەدرێن و ڕوون نییە کە کێن و بە چ تۆمەتێك لە سێدارە دەدرێن و ڕێژەیان چەندە.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا ٧٥٣ کەس لە سێدارە دراون کە زۆربەیان بە تۆمەتی مادەی هۆشبەر لە سێدارە دراون و ناو و زانیارییە تاکە کەسییەکانی ٦٠٪ی ئاشکرا نەکراون و تەواو بە نهێنی و بە بێ ئاگاداری بنەماڵەکانییان لە سێدارە دراون، و لەو ڕێژەیەش کە نێویان ئاشکرا کراوە نیزیك بە ١٨ کەسیان منداڵن و تەمەنیان لە خوارووی ١٨ ساڵ بووە. هەروەها تەنیا لە ١٠ حەوتووی دەسپێکی ساڵی ٢٠١٥دا، ٢٥٢ کەس لە سێدارە دراون کە بەشێکیان لە شوێنە گشتییەکان و لەپێش چاوی خەڵك حوکمەکەیان بەڕێوە چووە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهیددا هاتووە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە کە بەناوی مادەی هۆشبەرەوە لە سێدارە دراون، شایانی لەسێدارەدان نین و بە پێی یاسا نێونەتەوییەکان تاوانەکانیان تاوانی گەورە بەئەژمار ناکرێن و نابێ لە سێدارە بدرێن.

هاوکات لەگەڵ ئەوەش ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە نوێترین ئاماری ساڵانەی خۆیدا کە لە١٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٤دا و لە پێوەندی لەگەڵ سەپاندن و بەڕێوەبردنی سزای لە سێدارەدان لەسەر ئاستی جیهان بڵاو کرایەوە ڕایگەیاند کە، زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدان لەسەر ئاستی جیهان، لەلایەن کۆماری ئیسلامی و لە وڵاتی ئێران بەڕێوە چووە.

هەر لەو پەیوەندییەدا کریستۆف هینس کارناسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری لەسێدارەدانە بێسنوورەکان، لەمەڕ ئەو ئیعدامانەی کە لە ئێران و لە دەرەوەی چوارچێوەکانی مافی مرۆڤ بەڕێوە دەچن هۆشداری دا و داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە لە زووترین کاتدا ڕەوتی لەسێدارەدانەکان ڕابگرێت و ئەو سزایە لە یاساکانی خۆیدا بسڕێتەوە.

هەرچەندە بە نیسبەت کەیسی ئەتۆمیی و بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە وا دیارە کە ئێران خەریکە بە چۆك دادێت و مل بۆ داخوازییەکانی ڕۆژئاوا ڕادەکێشێت، بەڵام وێدەچێت کە لە هەمبەر پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ کە دوای کەیسی ئەتۆمی سەرەکیترین خاڵی جێگەی ناکۆکی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەرووی هەموویان ئامریکایە، زەخت و فشاری نێوخۆیی زیاتر بکات بۆ ئەوەی کەس، لەخۆ ڕانەبینێ جمۆجۆلێکی وا بکات کە بۆنی دژایەتی کردنی ڕێژیمی لێ بێت. وەك ئەو ئاڵۆزیانە کە لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ئەهواز و بەلووچستان و کوردستان و تازەترینیان لە مەهاباد و بە دوای گیان لەدەستدانی فەریناز خۆسرەوانی سەری هەڵدا و خەڵکی نارازی بە توندترین شێوە کەوتنە بەر قین و غەزەبی داروەدەستەی ویلایەتی فەقیە و سەربازانی ئیمامی زەمان.



# کەمپ دەیڤید و نیگەرانییەکانی وڵاتانی عەرەبی

سەلام ئیسماعیلپوور

کۆبوونەوەی نێوان وڵاتانی عەرەبیی ئەندامی ئەنجومەنی هایکاریی کەنداو و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بە مەبەستی باسکردن لە سەر نیگەرانییە ئەمنیەتییەکانی ئەم وڵاتانە و بە تایبەتی پرسی دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەدا لە کەمپ دەیڤیدی واشینگتۆن پێك هاتبوو، بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش کۆتایی پێ هات.

ئەوەی کە لەو بەیاننامەیەدا زیاتر لە هەموو شتێك پێداگریی لە سەر کرابوو، پابەندبوونی ئەمریکا بە پاراستنی هاوپەیمانانی عەرەبی خۆی (لە بەرانبەر ئێراندا) تەنانەت بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی سەربازی بوو. لەو بەیاننامەیەدا باس لەوە کراوە کە واشینگتۆن سیستمی دژەمووشەکیی ناوچەی کەنداو بە سیستمی ڕاداری ئاگادارکردنەوەی خێرا تەیار دەکات.

هەروەها ئەمریکا بەڵێنیی داوە هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ وڵاتانی کەنداو بە خێراییەکی زیاترەوە درێژە بدات. لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا باس لە کۆمەڵێك ڕێککەوتن بۆ تۆکمەتر کردنی ڕەوتی خەبات دژ بە تیرۆریزم کراوە. بەیاننامەکە هەروەها باسی لە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کردووە و جەخت دەکاتەوە کە هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی ناوکی لەگەڵ ئێران دەبێ دەروەستیی ئێران بەرانبەر بە ئەمنیەت و سەقامگیریی وڵاتنی ناوچە بە دوای خۆیدا بهێنێت.

هەروەها سەبارەت بە بارودۆخی سووریە باس لەوە کراوە کە بەشار ئەسەد ڕەوایی خۆی لە دەست داوە و هیچ جێگایەکی لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا نابێت.

لەو پێوەندییەدا مەسەلەیەك کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە بەشێك لە ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەبیی لێواری کەنداو (پاشای عەرەبستان و پاشای بەحرەین) ئامادە نەبوون بۆ خۆیان لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە سەر بانگهێشتی باراك ئۆباما، سەرکۆماری ئەمریکا پێك هاتبوو، بەشداری بکەن و نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە نارد.

هۆکاری ئەو مەسەلەیەش لە ڕاستیدا نیگەرانی و دردۆنگییەکانی ئەو وڵاتانە بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئۆباما لە ناوچەدا و بە تایبەتی کەمتەرخەمیی ئەمریکا بەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دەوروبەردایە. هەر بۆیە پێ ناچێت ئەو بەڵێنییانەی ئەمریکا نیگەرانییەکانی وڵاتانی کەنداو سەبارەت بە پرسی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران بڕەوێنێتەوە.

نموونەیەکی ئەم نیگەرانییانە لە وتوێژی عەمر مووسا، سکرتێری پێشووی یەکێتیی وڵاتانی عەرەبدا لەگەڵ راجر کۆهێن لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز دەر دەکەوێت کە باس لە سووکایەتیکردن بە جیهانی عەرەب لە لایەن سێ وڵاتی ناعەرەبیی ناوچەکەوە (واتە ئێران، ئیسراییل و تورکیە) دەکات کە بە هۆی پەرەپێدانی هێژمۆنیی خۆیان لە ناوچەکەدا گاڵتە بە وڵاتانی عەرەبی دەکەن و ڕای گشتیی ئەو وڵاتانەیان دژ بە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە وروووژاندووە. ئەو سیاسەتقانە عەرەبە باس لەوە دەکات کە کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب زۆر بەوە قەڵسن کە لەو ڕۆژانەدا بەردەوام دەبیستنەوە کە گوایە تاران بڕیاردەری سەرەکیی چەند پایتەختی عەرەبیی وەك بەغدا، دیمەشق، بەیرووت و سەنعایە و هەست بە سووکایەتی پێکران لە لایەن ڕێژیمی تارانەوە دەکەن.

ئەو جۆرە دەربڕینانە نیشان دەدەن کە ئێران لەم ڕۆژانەدا زیاتر لە هەر دوژمنێکی دیکە و تەنانەت زیاتر لە ئیسراییلیش جێگەی رق و تووڕەیی شەقامی عەرەبی و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبیی ناوچەیە و خەڵك و دەسەڵاتی ئەم وڵاتانە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە کردەوە هاوئاراستەی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئیسراییل بەرانبەر بە وڵاتێکی ئیسلامی (واتە ئێران) بیر دەکەنەوە، ئەگەر چی بە ڕاشکاوی ئەو بۆچوونە دەر نابڕن.

ئەمریکاییەکان بە پێکهێنانی کۆبوونەوەی کەمپ دەیڤید دەیانهەوێ بە عەرەبەکان بڵێن کە دەکرێ هەم لە گەڵ ئێران ڕێککەوتنی ناوکی ئیمزا بکەن و هەم بەڵێنیی خۆیان بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هاوپەیمانە عەرەبەکانیان بەرنە سەر، بەڵام ئەو بانگەشەیەی ئەمریکاییەکان لە نێو عەرەبەکاندا بە گومانەوە سەیری دەکرێت. هەر بۆیە مەلیك سەڵمان، شای عەرەبستان زۆر بایەخی بە کۆبوونەوەکە نەدا و وەلیعەهدی لە جیاتی خۆی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە نارد. هەر لەو ڕاستایەشدایە کە عەمەلیاتی «گەردەلوولی یەکلاکەرەوە» و هاوپەیمانێتیی عەرەبی دژ بە حووسییەکان سەری گرت و وڵاتانی عەرەبی بە سەرکردایەتیی عەرەبستان پەیامێکی ڕوونیان بە ئۆباما دا کە ئەگەر بیهەوێ بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێرانییەکان، سەری گورێسەکەیان لە ناوچەدا بۆ شل بکات، ئەوا وڵاتانی عەرەبی ئامادەن بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خۆیان و ناوچەکە، جێگای بەتاڵی ئەمریکا لە هاوکێشەکانی ناوچەدا پڕ بکەنەوە و نەهێڵن ئێران ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە بە هۆی لاوازیی سیاسەتیی دەرەکیی ئۆباما سەرانسەری ناوچەکەی گرتۆتەوە.

عەرەبەکان پێیان وایە ئۆباما خیانەتی لەوان کردووە، هەر بۆیە هەوڵەکانی ئۆباما نەیتوانیوە ئەو هەستە لە دڵیاندا بڕەوێنێتەوە و گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە کە کاتی ئەوە هاتووە پشت بە خۆیان ببەستن و بە پێچەوانەی ڕابردوو کە زیاتر وەك شوێنکەوتووی سیاسەتی ئەمریکا دەردەکەوتن، دەبێ بە نواندنی هێز، دەزگای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە دوای سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ڕاکێش بکەن و ناچاری بکەن پێداچوونەوە بە سیاسەتی ناوچەیی و شێوازی هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا بکات. عەرەبەکان بە چاولێکردن لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم چەندساڵەی ناوچە و جیهان بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە ئۆباما لە سیاسەتی دەرەکیدا کەسێکی پاسیڤە و لەو ڕێبەرانە نیە کە بتوانێ ئاڵوگۆڕ بخولقێنێ، بەڵکوو زیاتر وە دوای ئاڵوگۆڕەکان دەکەوێ و هێڵی سوور دیاری دەکا و پاش بەزاندنی هێڵە سوورەکان لە لایەن دوژمنەوە بێدەنگ دەبێت و بەردەوام پاشەکشە بە هێڵە سوورەکانی دەکات. نموونەی سووریە، ئۆکراین، دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران و پاسیڤبوون بەرامبەر بە ڕمبازێنی بەردەوامی ئێران لە عێراق و سووریە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا بۆ سەلماندنی درووستیی ئەم ڕوانگەیە بەسە.

ئەوان پێیان وایە لە مەسەلەی ناوکیدا ئێران تەنانەت ئەگەر باجیش بدات، تەنیا بە هەڵگیرانی بەشێك لە گەمارۆکان دەتوانێ گیرفانی پڕ بکاتەوە لە پێترۆدۆلار و گیانێکی تازە بە جەستەی کەڵەلای ڕێژیمی ئەسەد و میلیشیاکانی سەر بە خۆی لە ناوچەدا بکات کە بە هۆی خراپیی دۆخی ئابووریی ئێران ئەوانیش کەوتوونەوتە تەنگانەوە.

هەنووکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ لە ژێر کاریگەریی فاکتەرێکی ناوچەیی تازەدایە کە دەکرێ بە «ڕاچەنینی عەرەبی» ناوی ببەین. سەری ڕمی ئەم سیاسەتە ڕووی لە ئێران و دەستوپێوەندییە ناوچەییەکانیەتی، بەڵام هاوکات پەیامێکی ڕاشکاوانەی بۆ هێزە جیهانی و ناوچەییە ناعەرەبییەکانیش پێیە کە دەبێ لەمە بە دواوە لە ئاڵوگۆڕەکاندا پشکی جەمسەری عەرەبی لە بەرچاو بگرن. پوختەی پەیامی ئەم جەمسەرە ئەوەیە کە «ئیتر بەسە! وڵاتانی عەرەبی وەکوو هێز و فاکتەرێکی سیاسی بوونیان هەیە و لێرە بە دواوە قبووڵ ناکەن کە گۆڕەپانی ڕمبازێنی ئێران و تورکیە و ئیسراییل و هێزەکانی دەرەوەی ناوچە بن».



# بەبۆنەی تێپەڕینی ١٠ ساڵ بەسەر بەڵگەی بەرجەوەنی ٢٠ ساڵە

ن: شارام میرزایی
و: جاقل

تۆتالیتاریزم و دیکتاتۆری بە ساوێرگەلێکی هەڵپەسێراو لە دونیای شیزۆفێرنیایی تاك یان تاکەکاندا پێکدێت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەڵدەلووشێت و ئەو کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر و لەنێوچوون دەبات. (خۆلەنێوبردن) و (دابڕان لە کەتوارەکان) دوو تایبەتمەندی سەرەکی سیستمە دیکتاتۆر و داخراوەکانە. تایبەتمەندی خۆلەنێوبردنی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە ئەوەندە بەربڵاو دەبێتەوە کە چەندین کۆڕ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەنێودەبات و تەنیا لە حاڵەتی تواندنەوەی تەواو کە چەشنێك لە تەقینەوەی سیستمی حکوومەتی بەدوای خۆیدا دێنێت ڕادەوەستێت.

ویستی خۆلەنێوبردن کە بناغە و بنج‌وبناوانی سەرەکی سیستمی ڕەوانی دیکتاتۆرەکانە بەرەبەرە بەهۆی ناتوانایی لە هەڵسەنگاندنی کەتوارەکان و دابڕان لە فەزای ڕاستەقینە، دەبێتە ئامرازی ئەسڵی لەنێوبردنی ژیانی کۆمەڵگا. لە وەها بار و دۆخێکدا دیکتاتۆر، خۆی و کۆمەڵگا وەك یەك دەبینێت و ناتوانێت لێکیان جودا بکاتەوە و لە کۆتاییشدا بە لەنێوبردنی کۆمەڵگا ئاو بە ئاگردا دەکات و مەیلە دەروونییەکەی دادەمرکێنێتەوە.

نازیسم، ئیستالینیزم، بەعسیزم و ...چەند نموونەی بەرچاو لە سیستم، حیزب و ئەو تاکانەیە کە لە بازنەی دیکتاتۆریدا گیریان خوارد و لە کۆتاییدا جیهان یان بەشێك لەم دونیایەیان بۆ دامرکاندنەوەی ویستە تاکەکەسییەکانیان (ویستی خۆلەنێوبردن) خاپور کرد.

لە بازنەی بەرهەمهێنانی دیکتاتۆری، سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێبەرەکانی نموونەیەکی تایبەت لە سیستمێکی سیاسی ئیدئۆلۆژیکین کە لە هەر دوو هێزی دنیایی و ئاسمانی بۆ گەیشتن بە خەونێکی گەورە بەناوی کۆماری ئیسلامی کەڵك وەردەگرن. خەون و خەیاڵێك کە بەتوندی ئاوێتەی ویستێك بەناوی (خۆلەنێوبردن) بووە و وەها کارەساتگەلێکی لێ شین بووە کە دەتوانین وەك لووتکەی خەونی سیاسییە ئیسلامیەکان ناوی لێ ببەین.

لە سیستمە سیاسیە دژەمرۆڤەکاندا ئەوەیکە وەك پلانی گەشەپێدان دەخرێتە ڕوو لەڕاستیدا پارادۆکسێکی تەواوی هەیە لەگەڵ کەتوار و ڕاستیەکانی نێو کۆمەڵگا، دوو پرسی بەتەواوەتی لێك جیاواز و تەنانەت دژبەیەك. خستنەڕووی بەڵگەی بەرجەوەنی ٢٠ ساڵە و ئەرکدارکردنی دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی نموونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەم پرسەیە.

بەڵگەی بەرجەوەنی ٢٠ ساڵە چیمان پێ دەڵێ؟

عەلی خامنەیی لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ١٣٨٢/٨/١٢ بەڵگەی پەسندکراوی بەرجەوەنی ٢٠ ساڵەی بۆ سەرۆکایەتی هێزەکانی یاسادانەر، بەڕێوەبەری، دادوەری و هەروەها سەرۆکایەتی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم هەنارد. بەڵگەیەك کە لە چوار تەوەری سەرەکیدا داڕێژراوە کە بریتین لە:

١. کاروباری فەرهەنگی، زانستی و تێکنۆلۆژی

٢. کاروباری کۆمەڵایەتی —سیاسی، بەرگری و ئەمنییەتی

٣. کاروباری پێوەندیدار بە پێوەندییە سیاسیەکان و پێوەندییە دەرەکییەکان

٤. کاروباری ئابووریی

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بەشی چوارەمی ئەم بەڵگە واتە کاروباری ئابووری تاوتوێ بکرێت. لەم بەشەدا هاتووە: هێنانەدی گەشەی ئابووری بەردەوام، سەقامگیر و بەپەلە و لەئاکامدا وەدەستهێنانی پلەی یەکەمی ئابووری ناوچە، کەمکردنەوەی بێکاری و چێکردنی پیشەی نوێ، کۆنترۆڵ کردنی هەڵاوسان وبردنە سەری ئاستی کڕینی گرووپە کەمداهاتەکان و هەروەها نەهێشتنی بەستراوەیی بە داهاتی نەوت.

ڕاستییەکان چین؟

پلەی ئابووری ئێران لە نێو ٢٤ وڵاتی ناوچەدا، لە ساڵەکانی ٢٠١٠ و ٢٠١٢ بریتییە بووە لە ١٨ و ٢٣ و لە ئاستی جیهانیشدا پلەی ١٦٤ی بۆخۆی مسۆگەر کردووە. ئەمەش لەحاڵێکدایە کە گەشەی ئابووریی لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا نیزیك بە سفر بووە و تەنانەت لە ساڵەکانی ٩٠ تاکوو ٩٣ گەشەی ئابووری ئێران ڕەوتی بەپێچەوانەی بڕیوە. نرخی بێکاری کە نیشاندەری ناهاوسەنگی بازاڕی کارە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا چوونەسەری بەخۆیەوە بینیوە بەچەشنێك کە نرخی بێکاری لە نێو لاواندا ٢٦/٩ و لە نێو تەمەنی ٢٠ تاکوو ٣٠ ساڵدا ٢٨/٦٪ بووە. هەڵاوسانیش ڕەوتی بەرەوژووری بۆ خۆی تۆمار کردووە ئەویش بەچەشنێك کە نرخی هەڵاوسانی مادده خۆراکییەکان ٤٦/٧٪، نرخی هەڵاوسانی کەلوپەلە ناخۆراکییەکان و خزمەتگوزارییەکان ٢٣/٨٪ و نرخی گشتی هەڵاوسان لە کۆتاییەکانی ساڵی ٩٢ و نیوەی یەکەمی ساڵی ٩٣ گەیشتۆتە ٤٠٪ کە ئەمە بۆخۆی ڕێکۆردێکی بێوێنە بووە. بەرەنجامی چینیی ٦٠٪ (وەکوو پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی دابەشکردنی سامان و دارایی لە نێو هاووڵاتیاندا) دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کەلێنێکی گەورەی چینایەتی و نایەکسانی سەبارەت بە دابەشکردنی داراییەکان بوونی هەیە ئەمەش لەحاڵێکدایە کە شورای کار بە دیاریکردنی داهاتی ٢ میلیۆن تمەن بۆ شارە گەورەکان، ٢٢٪ لە خەڵکی ئێرانی بە کردەوە خستۆتە ژێر هێڵی هەژاریی رووتەوە. هەڵبەت پێویستە ئەوەش بگوترێت کە بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەم ڕێژە لە داهات تەنیا دەتوانێ تێچووەکانی ژیان بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لە شارە گەورەکاندا دابین بکات.

بەڵام سەبارەت بە خولقاندنی هەلی کار و گەشەی سەنعەتەکان ئەوەندە بەسە کە بڵێین لە ماوەی سێ ساڵی ٨٩ تاکوو ٩١دا نیزیك بە چوار هەزار یەکەی بەرهەمهێنان و کارخانەی پیشەیی گەورە و بچووك داخراون، فرۆشی کەلوپەلە سەنعەتییەکان بە ڕێژەی ٧٠٪ دابەزیوە و بەشێوەی نێونجی ٤٠٪ ی ناوەندە سەنعەتییەکان لە شارۆچکە پیشەییەکان داخراون و ٢٠٪ بە لانیکەمی تواناییانەوە چالاکی دەکەن.

لە بیاڤی بازرگانی دەرەکیدا بارودۆخەکە زۆر نالەبارتر بووە بەچەشنێك کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٥ تاکوو ٢٠١٤دا نێونجی پشکی سەرمایەدانانی ڕاستەوخۆی دەرەکی تەنیا ١٪ بووە.

چوونەسەری ئاستی داهاتی سەرانەی وڵات یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی بەڵگەی بەرجەوەنە بەڵام ئێران لە ساڵی ٢٠٠٥دا پلەی ٩ی ناوچەیی لەمبارەوە هەبووە کە لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ پلەی ١٠ دابەزیوە. لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا بایەخی دراوی ئێران بۆ کەمتر لە یەك لەسەر سێ دابەزیوە و لە بەرامبەریشدا گەندەڵی مالی و ئیداری سەرجەم پەیکەرەی ئابووری ئێرانی تەنیوەتەوە و لەم ڕاستایەشدا سندووقی نێونەتەوەیی دراو، ئێرانی لە باری گەندەڵی و ناکارامەیی ئیدارییەوە لە نێوان ٤٤ وڵات لە پلەی ١٢٥ داناوە. هەروەها ئەم ڕێکخراوە پرسی کاتی کاری بەکەڵکی بۆ ئێران لە ڕۆژدا تەنیا ٢٠ خولەك بەراورد کردووە .

لە بودجەی پێشنیاری دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی ڕێژەی بەستراوەیی بە داهاتە نەوتییەکان چوونەسەری بەخۆوە بینیوە کە ئەمە تەنانەت ٢٨٪ زیاتر لە بودجەی پێشنیاری دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژادە. ئەمەش لەحاڵێکدایە کە پێویستە تاکوو پلانی گەشەی شەشەم ڕێژەی بەستراوەیی بە داهاتە نەوتییەکان بگاتە سفر.

جیاکردنەوەی ڕاستییەکان لە خەون و خەیاڵ

دژوارترین قۆناغی چارەسەری نەخۆشیی نەخۆشە دەروونخەمۆکەکان، خستنەڕوو و پیشاندانی ڕاستییەکانە. ئەو ڕاستییانەی کە چەندین ساڵە لێی دوورن بەڵام ئەو تاکە نەخۆشە هەوڵی داوە تاکوو دونیایەك بۆخۆی ساز بکات کە ویستەکانی تێدا بەدی دەکات. هەر بەمهۆیەشەوە لەم قۆناغەدا دەروونناس کە ئەکتەری سەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ تێکدانی ئەو دونیا خەیاڵییەیە لەگەڵ تووڕەیی و ڕقی لەڕادەبەدەری تاکی نەخۆش بەرەوڕوو دەبێتەوە. ئێستا ئەگەر ئەم دژکردەوەی نەخۆشە دەروونخەمۆکەکان لەگەڵ هەڵسوکەوتی حکوومەتە تۆتالیتار ودژەمرۆڤەکان و لێکۆڵەران، روناکبیران و چالاکانی کۆمەڵایەتی کە دەیانهەوێ دونیایەکی ڕاستەقینە بنیات بنێن، بەراورد بکەین، بنەمای توندوتیژییە سیستماتیکەکانی دیکتاتۆرەکانمان بۆ دەردەکەوێت. تیرۆر، لەنێوبردن، ترساندن و دەرکردنی بڕیاری زیندانی درێژخایەن بۆ لێکۆڵەران، زانایان، چالاکانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی بریتی دەبێت لە دژکردەوەی دەرونشێواوی ئەو حکوومەتانە کە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە و لە نێو دونیای پڕ لە خەون و ناڕاستی خۆیان نوقم بوون.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەم وتارەدا خرانەڕوو بەجوانی دەردەکەوێت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بە تێكڕوخاندنی ئامانجدار و تەواوی بنەما ئابوورییەکان بەخێراییەکی زۆرەوە کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو هەڵدێری لەنێوچوون بردووە و خەساری قەرەبوونەکراوەی فەرهەنگی و دەروونی و ژینگەیی لە جەستەی نیوە گیانی کۆمەڵگای ئێران وەشاندووە کە لە ڕاستیدا کۆمەڵگای ئێرانی هاوشێوەی بۆمبێکی ساعەتی لێکردووە کە لە هەر ساتێکدا ئەگەری تەقینەوە و لەنێوچوونی لە ئارادایە. دارمانی سیستمی ئابووری لە ماوەی یەك دەیەی ڕابردوودا، خەیاڵی بوون و مالیخۆلیایی بوونی بەڵگەی بەرجەوەنی ٢٠ ساڵەی بە ڕوونی سەلماندووە.

وڵاتێك کە لە باری گەندەڵی و ناکارامەیی ئیداری پاش عێراق و یەمەن لە پلەی سێهەمی ناوچەدایە و ڕێژەی کاری بەکەڵك لە ڕۆژدا تەنیا ٢٠ خولەکە و ڕێژەی گەشەی ئابووری ١٠ ساڵی ڕابردووی نەرێنی بووە تەنیا دەتوانێ ئیعتراف و دانپێدانانێ بێت لەمەڕ شکستی بەرنامەی بەرجەوەنی ٢٠ ساڵە. بەڵگەیەکی خەیاڵاوی و ناڕاست کە تەنیا دەتوانێ نیشاندەری دەرهاویشتەی زەینێکی نەخۆش و مالیخۆلیایی تاکێکی دیکتاتۆر بێت.

# پرسی هەڵبژاردنەکانی تورکیە لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حیجاب

**دیمانە: شەهاب خالیدی**

**ڕۆژڤـــی ئەمـــڕۆی تورکیـــە مژاری هەڵبژاردنەکانی پارلەمانیە و ئەو هەڵبژاردنە چەندە توانیویەتی میدیاکانی تورکیە بە خۆیەوە سەرقاڵ بکا، ئەوەندەیـــش مژاری تێپەڕاندن یان تێنەپەڕاندنی بەربەستی ١٠٪ لە لایـــەن HDP وە بووەتە مژارێکی گرینگ و جێگای مشـــت و مڕ لە نێو چالاکانی سیاسیدا. هەر لەو پێوەندییـــەدا وتووویژێکمان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵـــڵا حیجاب چالاکی سیاســـی پێك هێناوە کـــە ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو وتووێژەیە:**

**پ: بڕیـــاری HDP وەک حیزب سەبارەت بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی تورکیا دا چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**و:** زۆر سوپاســـتان دەکـــەم بـــۆ ڕەخســـاندنی ئـــەو دەرفەتە. هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی تورکیە هەڵبژاردنێکی گرینگە و لە هەل و مەرجێکدا بەڕێـــوە دەچێ کە هەم وڵاتی تورکیە، هـــەم بزووتنەوەی کـــورد و هەمیـــش ڕۆژهەڵاتـــی نێوەڕاست بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێ. بۆیە بۆ خەڵکی تورکیە و باکووری کوردســـتان، لە تورکیە گرینگـــە کە کێ لـــە پارلەمانی داهاتووی تورکیەدا دەبێتە خاوەن قسە و بڕیار. پارتی دێمۆکراتی گەلان HDP بە بڕیاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانـــدا وەکوو حیزبێکی سیاســـی هەنگاوێکـــی پـــڕ لـــە ڕیسک بەڵام بوێرانەی هەڵگرت. ڕیســـکی تێدایە چونکە ئەو حیزبە بە بـــێ ئەوەی کـــە ٤٠٪ پتر لەو دەنگانەی کـــە لـــە هەڵبژاردنی پێشـــوودا وەدەستی هێنابوو وەدەست بێنـــێ ناتوانێ بەنـــدی هەڵبژاردن تێپـــەڕ بکا و بچێتـــە پارلەمانەوە. بەڵام بوێـــری دەوێ کـــە ئەوەندە متمانـــەت بـــە چالاکیەکانی خۆ هەبێ کە ئامانجێکی ئاوا دیاری بکەی و دڵنیا بی کە ئامانجەکەت دەپێکی. بۆ تێپەڕاندنی بەربەستی ١٠٪ پێویســـتی HDP بـــە جووڵاندنەوەیەکی خێرای بەشێکی زۆرتری دەنگـــدەران هەیە. دەنگی کوردەکانی دانیشتووی ئەوڕووپا، دەنگـــی کۆمەڵـــگای کـــوردی دانیشـــتووی دەرەوەی هەرێمـــی کوردســـتان، دەنگی ژنان، دەنگی کـــەس و لایەنـــە دێمۆکراتەکانی تورکیە و لە هەمـــووی گرینگتر دەنگـــی بەشـــی موحافـــزەکاری کۆمەڵـــگای کـــوردەواری بـــۆ سەرخستنی HDP زۆر گرینگە. ڕەنگـــە داڕێژەرانی ســـتراتێژیی هەڵبژاردنی HDPش هەســـتیان بەو پێویستیە کردبێ بۆیە ئەو جارە ڕێگایان داوە کە کۆمەڵێک دەنگی جیاواز ببنە بەرئەندامی هەڵبژاردن. لـــە کوردســـتان لـــە هێندێـــک کەسـایەتیی دینـــداری وەکـــوو پرۆفێســـۆر قەدری ییلدرم و ئاڵتان تانەوە بگرە تا کەسایەتیە نەتەوەیی و خۆشـــناوەکانی وەکـــوو خاتوون لەیلا زانـــا و عۆســـمان بایدەمیر، لـــە سۆسیالیســـتە چالاکەکانەوە بگرە تا کەســـایەتیە موحافزەکار و لیبرالەکان، لە ژنـــان و لاوانەوە بگرە تا یەکســـانیخوازەکانی لادەر لـــە پیوانە بـــاوە کۆمەڵایەتیەکان (هاوڕەگەزبـــازەکان)، لە کوردی کوردەوە تا چەپی تورک، ئەمجارە HDP کۆمەڵێکی بەرینی ناو و کەسایەتیە ناسراوەکانی خستۆتە نێو لیستی بەرئەندامانی خۆیەوە. هەر ئەوەش ئیمکانی بەرەوپێشـــچوونی دەنگەکانـــی ئـــەو حیزبـــە دەباتە ســـەرێ. بەڵام داخوا دەیگەیەنێتە ١٠٪، دەبێ تا ٨ی مانگی شـــەش چاوەڕوان بین.

**پ: ئەگـــەر HDP نەیتوانی بەنـــدی ١٠٪ی دەنگـــەکان تێپەڕ بکا و بچێ بۆ پارلەمان تووشی چ گرفت و ئاســـتەنگیەک دەبێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێژەی دیاریکراو بۆ تێپەڕاندنی بەربەستی هەڵبژاردن وەدەست بێنێ، چ ڕوو دەدا؟**

**و:** لـــە سیاســـەتی باکـــووری کوردســـتاندا دەرگای خەباتـــی یاســـایی کراوەتـــەوە و HDP یا هەر ڕێکخراوێکی دیکە دەتوانێ و دەبێ بە پێی داخوازیی گەلی کورد لە کاناڵە فەرمیەکانی سیاسەتەوە بکەوێتە ململانێی خەباتی سیاسی بۆ وەدەســـتهێانی مافی نەتەوەیی. چوونـــی HDP بۆ پارلەمان زۆر گرینگە، بەڵام ســـەرنەکەوتن لەو هەڵبژاردنەدا بـــە مانای کۆتایی هاتنی هیوا و ئاواتەکان نیە. ئەگەر کورد لەم هەڵبژاردنـــەدا نەیتوانی داخوازییەکانـــی بباتە پارلەمانەوە، دەنگەکانی کوردستان بۆ AKP دەچن و جێگە و پێگەی ئەو حیزبە لە داڕشـــتنی سیاسەتی تورکیەدا قایمتـــر دەکەن. بـــەڵام AKPش دەزانێ کە زەوت کردنی دەنگەکانی HDP وەکوو حیزبێکی سیاســـی ئەو مەشرووعیەتەی پێ نابەخشێ کە HDP و کاریگەریی ڕێزدار ئۆجـــالان لە سیاســـەتی کورد لە باکووری کوردســـتاندا لە بەر چاو نەگرێ. بۆیـــە دەوری HDP لە دەرەوەی پارلەمانیش هەر دەورێکی چارەنووسسازە بۆ مەسەلەی کورد لە باکوور.ئەگەر HDP نەیتوانی ڕێژەی دەنگەکانی لە دەنگەکانی دەمیرتاش لە کاتی بەرئەندامبوونیدا بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار تێپەڕێنێ، دەبـــێ هەموو قـــەوارەی حیزب بە خۆدا بچێتـــەوە و بیر لە گۆڕینی بەرنامەی سیاسی و داڕشـــتنی ســـتراتێژییەکی نوێ بکاتەوە. واتا دەبـــێ ڕێبازێـــک هەڵبژێرێ کە بتوانێ ڕای گشتی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشـــێ. ڕەوتی خۆ نوێ کردنەوە، گۆڕان و پێداچوونەوە بە بەرنامە و ستراتێژیی پارتی، لە کاتی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنیشدا هـــەر پێویســـتە، بەڵام لـــە کاتی سەرنەکەوتندا پێویستیەکی بێ ئەم لا و ئەو لایە.

بە پێچەوانـــەوە ســـەرکەوتنی HDP دەرفەتێکـــی زێڕیـــن دەڕەخسێنێ تا مەسەلەی کورد لە ڕێگای یاســـاییەوە بخرێتە بەردەم بەرزترین ناوەندی بڕیاردانی وڵاتەوە و بخرێتە ڕەوتی چارەسەرییەوە. کە وابوو سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی HDP بۆ خـــودی ڕێکخراوەکە نابێتە بەربەست یا ئاستەنگ، بەڵام چوونی ئەو پارتیە بۆ پارلەمان بۆ خێراترکردنی ڕەوتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا زۆر گرینگە.

**پ: بۆچی ئەردۆغان ئیدیعای ئەوە دەکا کە لە تورکیە کێشـــەی کورد نیە؟**

**و:** ئەردۆغان سیاسەتمەدارێکی پۆپۆلیســـتە کـــە ســـواربوونی شـــەپۆلەکانی پێ لـــە پێبەندبوون بـــە زۆر بنەمـــاوە گرینگترە. ئەو کـــورد وەک نەتەوە یـــا تەنانەت کەمایەتیەک لە تورکیە چاو لێ ناکا، بەڵکوو خەڵکی کورد وەکوو کۆمەڵێـــک دەنگدەردەبینێ کە بە پڕۆپاگەندەی ئەو واز لە ویســـتی ســـەرەکیان کە مافـــی نەتەوەییە دێنـــن. لە ڕوانگەی ئـــەوەوە هیچ جیاوازییەک لـــە نێوان ئەو زوڵم و ســـتەمەی کە لە نەتـــەوەی کورد کراوە و ئەو بەربەســـتانەی کە بۆ چالاکیی هێزە مەزهەبیەکان پێک هاتبوون نیـــە، واتا ئـــەو قەدەغە کردنـــی لەچکە و کـــپ کردنی دەنـــگ و زمانی نەتەوەی کوردی پـــێ وەک یەکە. بۆیەش زۆر جار ڕادەگەیەنێ کە ئێستا کە قەدەغەی لە سەر لەچکە لابراوە، بۆ کوردیش ئەو دەرفەتە هەیـــە کە بە زمانی خـــۆی قســـە بکا بە بـــێ ئەوەی کـــە داوای بە فەرمی ناســـینی مافی خـــۆی بکا. لـــە لایەکی دیکەشـــەوە پێویستی ئەردۆغان بە دەنگی کۆمەڵـــی موحافزەکار و ناسیۆنالیستی تورکیش هەیە، بۆیە دەیەوێ بە مانۆڤرە سیاســـیەکانی هەم دەنگی بەشێکی کۆمەڵگای کورد وەدەست بێنێ و هەم دەنگی تورکە ماحافزەکارەکان لە دەســـت نەدا.

**ئەگەر ئەردۆغان هەموو دەنگەکانی کوردستانیش زەوت بکا، ناتوانێ نوێنەرایەتیی گەلی کورد بکا، چونکە ئەو بڕوای بە بوونی گەلی کورد نیە**

**پ: ئـــەردۆگان لـــە میتینگی شـــاری وان دا ڕایگەیاند کە تەنیا ئەو نوێنەرایەتیی کورد دەکا نەک لایەنێکـــی دیکە، ئەو هەڵوێســـتە چۆن دەنرخێنن؟**

**و:** ئـــەوە قســـەیەکی ناکۆکە لەگەڵ سیاســـەتی ڕاگەیەندراوی خـــودی ئەردۆغانیش کە دەڵی لە تورکیـــە مەســـەلەیەک بە ناوی مەســـەلەی کورد نیـــە. ئەگەر لە وەڵاتێکـــدا گەلێک مەســـەلە یا داخـــوازی نەبـــێ، ئیـــدی وەکوو پێکهاتـــە ناناســـرێ و پێویســـتی بـــە نوێنەر بۆ خـــودی پێکهاتەکە نابێ. بۆیە خـــودی ئەردۆغانیش بڕوای بەو قسەیە نیە، چونکە هەر نوێنەرانی ئەون کە لە گەڵ بەڕێز ئۆجالان لە دیالۆگـــدان، لە گەڵ شاندی ئیمراڵی بە فەرمی دادەنیش و داوا لە جەنابی مەسعوود بارزانی دەکەن کە قورسایی خۆی لە سەر جەمـــاوەری کورد لـــە باکووری کوردســـتان بخاتـــە کار تا ڕەوتی سیاســـی بە ئاقاری نەخوازراو دا نەچێ. کە وابوو ئەگەر ئەردۆغان هەموو دەنگەکانی کوردســـتانیش زەوت بکا، ناتوانـــێ نوێنەرایەتیی گەلی کـــورد بـــکا، چونکە ئەو بڕوای بە بوونی گەلی کورد نیە.

**پ: ئێـــوە ڕۆڵـــی HDP لە پەرەپێدانـــی وشیاریی نەتەوەییدا چۆن هەڵدەســـەنگێنن و پێتان وایە ئەو حیزبـــە توانیویەتی هەســـتی جەماوەر بە مەســـەلەی نەتەوەییەوە گرێ بدا؟**



**و:** ڕەخنەیەکی زۆر لە HDP و بە گشـــتی لە بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردســـتان هەیە کە لە ســـەر هێڵی نەتەوەیی نەماوە و پشـــتی لە داخوازە لە مێژینەکانی گەلـــی کـــورد لـــە باکـــووری کوردستان کردوە. ئەو بۆچوونە بە تایبەت لە لایەن هێزە سیاسییەکانی باکـــووری کوردســـتانەوە بە هێز دەکرێ منیش ڕەخنەم لە HDP هەیە کە لە ڕێتۆریکی سیاســـیدا جاری وا هەیە ڕای گشتی کورد، بە تایبەت لـــە دەرەوەی باکوور لە بەر چاو ناگرێ. بەڵام ئەو ڕەخنانە بـــەو مانایە نیە کە ئەو حیزبە و بە گشتی بزووتنەوەی کورد لە باکوور هێڵی نەتەوەیی بە جێ هێشـــتوە. مودێلـــی چارەســـەریی HDP و ئەو ڕێبازەی کە عەبدوللا ئۆجالان ئێســـتا ڕەچاوی دەکا، چارەسەری لـــە چوارچێوەیەکـــی جیاوازتر لە چوارچێـــوەی پێشـــوودا دەبینێ. واز هێنـــان لـــە مودێلـــی دەوڵەت نەتەوە، جارێ باســـێکی تێئۆریکە و نەکەوتۆتـــە قۆناغی کردەییەوە. ئەوەش مودێلێکی سیاســـیە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە چارەسەرییەکی دێمۆکراتیک دێنێ. ئەوە دەتوانێ جێی موناقشە بێ، بەڵام خاوەنی ئەو بیرە لە هێڵی نەتەوەیی ناشواتەوە. کە وابوو مـــن پێموایە ڕۆڵی HDP لە بەرەوپێش بردن و بە هێز کردنی هزری نەتەوەیـــی دا زۆر گرینگە. متینگەکانی ئەو حیزبە بە سروودی ئەی ڕەقیب بەڕێوە دەچن، داخوازی سەرەکیان چارەسەریی پرسی کوردە و پشتیوانی کردنیان لە ڕۆژئاوای کوردستان.

**پ: ئـــەردۆگان وتەیەکـــی ناســـراوی هەیە کـــە ئیدیعا دەکا ئەو ڕێگای داوە تا پێشـــمەرگەی کوردســـتان بچێ بـــۆ کۆبانێ و دەرســـێکی لـــە بیر نەکـــراوە بدا بە داعـــش. داخوا ئـــەوە داخواز و سیاســـەتی AKPبـــوو یـــا خود ئەوان لە ژێر گوشـــاری کوردەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا ملیان بۆ چوونی پێشـــمەرگە بۆ کۆبانێ ڕاکێشا؟**

**و:** ئەردۆغان ئەو قسەیەشی هەیە کە دەیگوت کۆبانێ دەشـــکێ، یا خود شەرڤانای کۆبانێ تێرۆریستن، بۆ چـــی ئەوەندە باســـی کۆبانێ دەکرێ باسی حەلەب ناکرێ و هتد. ئەو ناتوانێ فیداکاری و حوزووری پێشمەرگە لە سەنگەری بەرەڤانی لە کۆبانێ بکا بە دەستکەوتی خۆی. ئەردۆغان بۆ شـــکاندنی کۆبانێ پلانی بوو، و هیوای سەرکەوتنی بۆکۆبانێ نەدەخواســـت. چوونی پێشـــمەرگە تەنیـــا و تەنیـــا لـــە ئەنجامی هاوبەندیـــی نەتەوەیی و ویســـت و ئیرادەی سەرۆکایەتیی هەرێمی باشووری کوردستان و لە ژێر زەختی نێونەتەوەیی دا گەیشتە ئەنجام.

## جووت حەوت

### هەوراز

خامنەیـــی لـــە دیدارێکـــدا لەگەڵ فواد مەعســـووم ســـەرکۆماری عێراق پێشـــنیاری ئەوەی پێ کردووە کە: «لـــە تواناییەکانی لاوان لە بـــوارە جۆراوجۆرەکاندا کەڵك وەربگرن». بەو پێیەی کە بەڕێز ســـەرکۆماری عێراقیش وەك هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دیکە لەوانەیە لە ئەدەبیاتی ڕێبەری موستەزعەفانی گۆی زەوی و ئەو دیوی جیهان تێ نەگەیشتبێت، ئێمە کە دۆکتۆرامان لە بواری وشەناسیی ئەدەبیاتـــی ویلایەتی فەقیهدا هەیە، بە پێویســـتمان زانی چەند ڕوونکردنەوەیەك لەو پێوەندییەدا بخەینە ڕوو:

دەبێ بزانین لە ســـی و چەند ســـاڵی ڕابردوودا لاوانی ئێران لە چ بوارگەلێکدا بە باشـــی کەڵکیان لێ وەرگیراوە و ســـەرکەوتووتر بوونە کە حاجی ســـەید عەلی دەیهەوێ خەڵکی دیکەشی پێ فێر بکات؟

لە بواری فەرهەنگ و هونەردا لاوانی ئێران لە سایەی حکوومەتی سانســـۆردا لـــە بەرهەمهێنانی مۆســـیقای ژێرزەوینی و ســـازکردنی فیلمـــی قاچاخیدا یەکەمی بێ ڕکابەرن.

لە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەردا لاوانی ئێران توانیویانە بە یارمەتیی حکوومەتی ئاســـمانیی حاجی ئاغا زۆرترین ئاستی گەشە بۆ خۆیان تۆمار بکەن.

لاوانی ئێـــران توانیویانە کارێك بکەن کە بەندیخانەکانی ئێـــران ببنـــە خاوەنی بەرزترین ئاســـتی پلەی زانســـتی و ئاکادێمیـــك و تەنانـــەت لـــە زۆر بـــواردا بکەونە پێش زانکۆکانیش.

لاوانی ئێران توانیویانە زۆرتریـــن داهێنان و نوێگەریی تەکنیکـــی لە بواری شـــکاندنی فیلترینگ و هاککردندا دەســـتەبەر بکەن کە ئەوەش بێگومان دەســـکەوتی حاجی ئاغایە کە بـــە دابینکردنی فیلترینگی پێویســـت، خەڵك ناچار دەکات بۆ شکاندنی بیر بکەنەوە.

لاوان دەتوانن ببنە بەســـیج و خزمەتی بەرچاو لە بواری شەڕەلەقە و تیزاو پرژاندن لە خەڵك و تێکدانی سمینارەکان و هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێرتەکان و دەرکەوتن لە خۆپیشاندانە حکوومەتییەکاندا و ... بکەن.

لاوان دەتوانن بچنە عەرەبستان و لەوێ بە ناوی حەجەوە بە قەولی حافزی شـــیرازی «ئان کاری دیگەر» بکەن و ...

ـ مـــرۆڤ دڵی بۆ ئەم خەڵکە دەســـووتێ کە بە هەق و ناهـــەق دڵیان پڕ لە خوێن دەبێـــت. فڵانە گۆرانیبێژی ژن قەرارە لەگەڵ چەند پیاوێك گۆرانی بڵێ، دە دوازدە ئیمام هەینیی ئێران دڵیان پڕ دەبێ لە خوێن. فڵانە کچ لە یاریی تۆپـــی پێدا بە عەبا و چارشـــێوەوە گۆڵێك دەکات، لە قوم دڵی ســـەدان کۆلکە ئاخوند ئەنجن ئەنجن دەبێت لە داخا. نووســـەرێك کتێبێك دەنووســـێت، ١٦٠ نوێنەری مەجلیس دڵیـــان پڕ دەبێ لی خوێن و تەنیا لـــە بەر خاتری حاجی ئاغا هیچ ناڵێن. قـــژی ژنێك لە وەلەنجەکی تاران بە دەم شنەباوە دەشـــەکێتەوە، ئیمام هەینیی مەشهەد دڵی پڕ لە خوێـــن و لێوی پڕ لە کەف دەبێـــت، دوو کچ و کوڕی لاو لایکی گۆرانییەکی شاهین نەجەفی لە فەیسبووك دەکەن، حیزبوڵڵا دڵی شەقار شەقار دەبێ و خوێنی لێ دەچۆڕێ. دوو ژن لە بن دارهەرمێیەك لە دەرەوەی گوندی قشقەڕاوای عەلیابادی کەتوول بە دزییەوە ســـووچی سەرپۆشـــەکیان بەرز دەکەنەوە و پێی دەڵێن «ئازادیی هێواشـــەکی» واتە «ئازادیی بن لێف و شۆڕشـــی نێو ئاودەســـت»، حیزبوڵڵا دەیکاتە هەڕەشـــە کە ئێمە ناهێڵین دڵی ئاغا پڕ بکەن لە خوێن.

تیمـــی ئەتۆمی خەریکە لـــەم پایتەخت و لەو پایتەخت وتووێژ دەکات کە نیزام لە ســـەر لێواری ڕووخان لا ببات، دڵســـۆزانی نیزام دەڵێن ئێمە «دڵمان واپەسە» واتە پڕە لە نیگەرانی و خوێن و ئەو شتانە.

لـــە هێندێك شـــوێنیش تا کلکی مانگایەك لە پشـــت تەپۆڵکەیەکەوە قوت دەبێتەوە، کەسی وا هەیە کە پێی وایە ئەوە داوەتە و چۆپیی دەســـتی کچانە تێیدا دەسووڕێتەوە، بۆیـــە بە هەڵپەهەڵپ ڕەدوو دەکـــەوێ و دڵی پڕ دەبێ لە ســـۆزی ئەوین و دوای حەفتەیەك کە دەبینێ ئەو قەبرەی ئەو شـــینی بۆ دەکات، مردووی تێدا نیە و وەك ئیمامزادە حەچەلحەفـــت بـــۆ گەمژاندنی کەســـانی وەك ئەو قوت کراوەتەوە، هەســـت بە دۆڕان دەکات و ئەمجار دڵی دەبێتە کاســـەی خوێن و ئەو شـــتانە. ئایەتوڵڵای واش هەیە کە ئەگەر لێی گەڕێی تا ئێـــوارە بۆ خۆی دەگرێت، کەچی دڵـــی لە کچە میواندارەکانی نێو فڕۆکەکانی ئێران کرمین بـــووە و دەڵێ دیمەنی نێو فڕۆکـــەکان دڵی مرۆڤ پڕ لە خوێـــن دەکات. هەقی خۆیەتی، کاتێـــك کە لە فڕۆکەی ئیسلامیدا کە کاتی خۆی ئیمام جارێك سواری بووە، ئێستا لە جیاتی ئاخوند، کچی جـــوان دەکەنە میواندار و لە نێو فڕۆکەدا لە جیاتی ئەوەی خەڵك لە ســـەر مۆکیت دانیشن و مەلا لە سەر مینبەر، هەموان (تەنانەت بەهاییەکانیش) لە تەنیشـــت یەکدا لە سەر کورسی دادەنیشن و فڕۆکەکان نە مزگەوتیان تێدایە، نە زیندانێکی دروســـت و حیسابییان تێدایە، نە قەبرســـتانیان تێدایە بۆ ڕەوزە خوێندن، نە تێیاندا تەقە لە خەڵك دەکرێت، ئیدی حاجی ئاغا ناهەقیە یەخەی خۆی دادڕێ؟ ناهەقیانە خوێن بگرین؟

# فەریناز، سەمبولێک لە کۆمەڵگایەکی سیاسی و زیندوو و چالاک

ئیبراهیم قاسمیزاد
و: هیوا میرزایی

زیاتر لە ٣٥ ساڵ لە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ، لەم ماوەیەدا هەموو جۆرە سەرکوت، زیندانی، ئەشکنجە و کوشتاری دەرهەق نەتەوەی کورد بەمەبەستی ئاسیمیلاسیون و لە خۆنامۆکردنی بەڕێوەبردووە. بەڵام نەتەوەی کورد هیچکات تەسلیمی سیاسەتی سەرکوتکەرانە، لەنێوبردن و ئاسیمیلاسیون نەبووە و بەڵکوو هەرجار شێلگیرتر و قایمتر بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی و ئازادی خۆی هەنگاوی هەڵێناوە. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەر ئەو سیاسەتە شکست خواردوانە، دژە مرۆیی و دژە ژنانەی داعش و بناژۆخوازیی ئیسلامییە لە چوارچێوەی ئایینی شیعەدا. لە کۆماری ئیسلامیدا ژن هیچ جۆرە ئەمنییەتێکی نییە و لەهەر جۆرە خزمەتگوزاری، دەرەتان و هەڵکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان بێبەشە. ڕۆژانە بەشێوەی بەردەوام لەگەڵ ئەشکنجەی ڕۆحی و دەروونی و فیزیکی ڕوبەڕوو بووەتەوە و بووەتە ئامرازێك لە ئاراستەی بەرەوپێشچوونی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا.

شۆڕشی خەڵکیی ساڵی ٥٧ی هەتاوی کە بەزۆری هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە بە هەموو ڕەنگ و باوەڕەکانیانی لە خۆیدا جێ کردبوویەوە، بە هەوڵ و فیداکاری و ڕۆحیەی شۆڕشگێری ئەو کاتی خەڵکی ئێران دەڕۆیشت کە کۆمەڵگا بەرەو دێموکراسی و ئازادی پاڵ پێوە بنێ بەڵام بە دزرانی ئەم شۆڕشە لە لایەن ئاخووندە ئیسلامییەکانەوە، شۆڕش لە ڕێگەی سەرەکی خۆی بە لاڕێدا چوو و زۆربەی پێشەنگەکانی ئەم شۆڕشە لە لایەن دیکتاتۆرە ئیسلامییەکانەوە کوژران و دوورخرانەوە. ڕێژیم بە زوویی توانی بە سەرکوت و پێکهێنانی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن بەشێك لە کۆمەڵگەی شۆڕشگێر بکاتە کۆمەڵگەیەکی مەلکەچ و مردوو. بەڵام ئەم سیاسەت و سەرکوتە لە کوردستان و بەسەر خەڵکی کورددا کاریگەرییەکی هاوشێوەی نەبوو. لەبەر ئەوەیکە بە هەر جۆرە توندکردنی سەرکوت، ئەشکنجە و ئێعدام، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان زۆرتر جەختیان لە سەر مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی خۆیان دەکردەوە و ئەم بەربەرەکانیە و ڕۆحیە چالاکە، کۆمەڵگەی کوردستانی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جیادەکاتەوە. ئەم جیاوازییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکان و دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران و کوردستان بە ڕوونی دەبینرێ.

هەر لە سەرەتای شۆڕش، خەڵکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامییان گوت «نا» و لەگەڵ سیاسەتە دژە مرۆیی، دژە ژن و بناژۆخوازیی ئیسلامی و بیرکردنەوە دواکەوتووانەکانی دیکە و بە پێچەوانەی جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە توندی دژایەتیان کرد و لەگەڵی چوونە شەڕەوە. لەمڕووەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ هێرش بۆ سەر بزووتنەوەی ئازادیخواز و ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی کوردستان و حیزبەکان، بەها کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانیشی کردە ئامانج. ئەم ڕێژیمە لە هەر جۆرە سەرکوت و ئەشکنجە و فێڵێك بۆ بە چۆکداهێنانی نەتەوەی کورد دەریغی نەکردووە، بە هەموو ئەو جینایەتانەی کە کۆماری ئیسلامی درهەق ئەم خەڵکە ئەنجامی دا دیسان نەیتوانی کوردستان بکاتە هاوڕەنگی کۆمەڵگەی ئێران و بەمەبەستی کردەوە قیزەون و سیاسەتە دژە مرۆییەکانی خۆی بەکاری بێنێ. بەسەرنجدان بە پێگەیەك کە نەتەوەی کورد لە جوگرافیای سیاسی ناوچە بەدەستی هێناوە و هەروەها پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە نێوخۆی وڵات و هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش پێگەیشتوویی فیکری ژنانی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا ترسی خستووەتە نێو دڵی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئاخووندییەوە.

لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێژیم، سەرکوتی لە دژی ژنان بە شکڵێکی سیستماتیك زیاد کردووە. لە ئێعدام و کوشتاری چالاکانی سیاسی ژنانەوە بگرە تاکوو تێزاب پرژاندن و کوشتنی کچانی خوێندکار، ئامانج لەم کردەوە قیزەوەنانە، بەربەست دروستکردنە لە بەشداریی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات. ئەمنیەتی کردنی ژینگەی کار، زانکۆکان و تەنانەت شەقامەکان، کۆڵان و بازار ئەم ڕاستییە نیشان دەدا کە ڕێژیم لە ڕێکخراوبوونی ژنان لە وڵات و بەتایبەت کوردستان نیگەرانە. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ ژنانێکی زۆر بوونە قوربانیی سیاسەتی دژە ژن و دەستدرێژی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا کە دەکرێ باسی مردنی نێدا ئاقاسوڵتان و ئێعدام و دەستدرێژی بۆ سەر ڕێحانە جەبباری و تێزاب پرژاندنەکانی کرماشان، ئیسفهان و شارەکانی دیکەی ئێران بکەین. هەموو ئەم دەستدرێژی و جینایەتانە بێ وەڵام مانەوە و ئەم بێدەنگییە مەرگهێنەرەی خەڵکی ئێران دەستی کاربەدەستانی ڕێژیمی لە سەرکوت و دەستدرێژی هەرچی زیاتر بۆ سەر مافی هاووڵاتیان ئاوەڵەتر هێشتەوە. ڕێژیم هاوشێوە و تەنانەت توندتر، سیاسەتی قیزەونی دژە خەڵکی خۆی لە کوردستان گرتە پێش، بەڵام خەڵکی کورد لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی گەیشتوونەتە ئاستێك کە ئامادە نین سیاسەت و بەرنامە داگیرکەرانەکان و دەستدرێژیەکانی ئەم ڕێژیمە قبووڵ بکەن. خەڵکی کوردستان لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخووندی هەرجۆرە دەستدرێژی و بێڕێزی بە کۆمەڵگا و بەها کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانیان بە مشتی توند و پۆڵاین وەڵام داوەتەوە و لە بەرانبەر سەرکوت، دەستدرێژی، ئەشکنجە و ئێعدامی منداڵانی خۆیان کەمتەرخەم نەبوون.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کوشتنی چەندین کچی خوێندکاری کورد لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئێران، بە شێوەیەکی گوماناوی ناتوانێ بەڕێکەوت و ئاسایی و غەیرە سیاسی بێ. شلێر فەرهادی، سەحەر چووینی، پەروین حەقیری وشەیدا حاتەمی لە خوێندکارانی پێشەنگ کوردستان نموونەیەکی بەرچاوی ئەم جینایەتانەن. هۆی کوشتنی خوێندکاری کورد ئیبراهیم لوتفی پوور و شوانە سەیدقادری کە بە شکڵێکی هۆڤانە و بێ بەزەییانە شەهید کران هێشتا بۆ خەڵکی کوردستان بێ وەڵام ماوەتەوە. بکەر و بکەرانی ئەم جینایەتە لە لایەن هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانەوە دەپارێزرێن، خۆپیشاندان و داواکاری و خواستەکانی بەهەقی خەڵکی مەهاباد بە توندترین شێوە سەرکوت کرا و لە باتی زانیاری بەخشین و ڕوونکردنەوە لە سەر ئەم بابەتە، ڕێژیم و دەست و پێوەندییەکانی دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە بەمەبەستی شکاندنی کەسایەتی فەریناز خوسرەوانی و هەموو تۆمەتەکانیان ڕووبەڕووی ئەو کردەوە. بەرپرسە قەزایی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لەگەڕان و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم بابەتە خۆیان بوارد و بە بڵاوکردنەوەی وێنە و فیلمە دروستکراوەکان هەوڵی ئەوەیان دا سەرپۆش لە سەر ئەم مەسەلەیەدا بنن.

لە جینایەتی ساڵی ڕابردوو، شەیدا حاتەمی خوێندکاری کوردی زانکۆی نازلوی ورمێ بە سەرنجدان بە نیشانەکانی تاوان لەسەر جەستەی و ئاشکرابوونی کردەوەی کوشتن و لەبەردەستدا بوونی شاهێدە زیندووەکان کە لە هاوپۆل و دۆستانی ئەو بوون و بە سەرەنجدان بە ئەو نارەزایەتیانەی کە لە لایەن بنەماڵەی ناوبراو و خەڵکی ورمێ لە دژی ئەم جینایەتیە ئەنجامدرا، ڕێژیم هێشتا پارێزگاری لە بکەر و بکوژانی جینایەتەکە دەکا و لە ناساندن و ئاشکراکردنی ئەوان خۆ دەبوێرێ. لە لایەکی دیکەوە ڕێژیم بە هەڵوێستێکی پڕشوورەیتر و بە ڕیسواییەکی هەرچی زیاتر بۆ سەرکوت کردنی خەڵك و بنەماڵەی شەیدا حاتەمی، هەڕەشەی لەوان کرد و پارێزەری ئەو بنەماڵە، بەڕێز مەسعوود شەمش نێژادی لە باتی بکەرەکانی ئەم جینایەتە نارده زیندان. ئێستا بە بوونی وەها نادادگایەك و بوونی یاسا قەزاییە گەندەڵەکان لە وڵات بەچ شێوەیەك خەڵکی کوردستان بتوانن لە هەمبەر ئەم جینایەت و دەستدرێژیانە کەمتەرخەم بوون و چاوەڕوانی دادپەروەریان هەبێ؟. ئەمڕۆ نەتەوەی کورد گەیشتووەتە ئاستێك لە گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری کە نە تەنیا لە بەرانبەر ئەم زوڵم و ستەم و دیکتاتۆریەدا بێدەنگ و بێ وەڵام نابێ بەڵکوو پێشەنگ و ڕووناککەرەوەی ڕێگەی هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێرانە.

خەباتی شێرە ژنان و پیاوانی قارەمانی کورد لە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان لە دژی تاریکی و بناژۆخوازی ئیسلامی سوننە و شیعە بۆ ئاسایش و بە ئازادی ژیانکردنی خەڵکی جیهان هێمایەکە بۆ کۆمەڵگایەکی سیاسی، زیندوو و چالاك لە کوردستاندا.

# ڕۆژی جیهانیی پێوەندییەکان

شەماڵ تەرغیبی

لە ساڵی ١٩٧٦ەوە هەموو ساڵێك ڕێکەوتی حەڤدەی مانگی مەی، ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی جیهانی پێوەندییەکان (ئای تی یو) و هەروەها یەکەمین ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی تێلێگراف لە ساڵی ١٨٦٥ی زایینی بە ڕێزەوە یادی لێ دەکرێتەوە. مەبەست لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژی جیهانیی پێوەندییەکان لەڕاستیدا لەلایەکەوە دەستنیشان کردنی بایەخ و گرینگی پرسی پێوەندییە ئینسانییەکان و ڕێگە خۆشکردن لەمەڕ باشترکردنی دۆخی ژیانی خەڵك بۆ دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان بە ئامانج و خولیاکان و کەڵکوەرگرتنی یەکسان لە زانست و زانیارییەکانی سەردەم و لەلایەکی دیکەوە خستنەڕوو و شرۆڤە کردنی کاریگەریی و باندۆڕی تێکنۆلۆژییەکانی پەیوەست بە پرسی پێوەندییەکانەوەیە کە ڕاستەوخۆ چەمکی گلۆبالیزەیشێن و بەجیهانیبوون لە مێشکی مرۆڤدا زیندوو دەکاتەوە. بەجیهانیبوون لە ڕوانگەی کارناسان و پسپۆڕانی کاروباری پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بریتییە لە ڕەوتی یەکانخستنی گەلانی جیهان لە نێو کۆمەڵگەیەکی یەکە کە هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن. واتە بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پێوەندییە دوولایەنە و چەندلایەنەکان بەچەشنێك کە دەوڵەتەکان ناتوانن بەربەستی لە بەردەمدا دابنێن و بە کردەوە سنوور و مەودای جوگرافیایی تاکەکان یان لایەنەکان گرینگی خۆیان لە دەست دەدەن کە ئەم پرسە لە پێنج تەوەری سەرەکیدا خۆی دەنوێنێ کە بریتین لە:

تەوەری ئابووری، تەوەری فەرهەنگی، تەوەری کۆمەڵایەتی – سیاسی، تەوەری زانستی و تێکنۆلۆژی، کە لێرەدا بەکورتی ئاوڕ لە هەرکام لەم لایەنە گرینگانە دەدەینەوە.

تەوەری ئابووری: ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی یەکێکە لەو دامەزراوانەی کە دەرخەری بەجیهانیبوونی ئابوورییە. ئەم دامەزراوەیە بازاڕە جیهانییەکانی لە ڕێگەی بازرگانیی ئازاد و جموجۆڵی بەربڵاوی شمەکەکان خستە ژێر کاریگەری خۆی و لەڕاستیدا سنوورە بەرتەسکە ئابوورییەکانی تێکشکاند و وێڕای نەهێشتنی لەمپەڕە یاساییەکان لە وڵاتانی جیهاندا بووە هۆکارێك لەمەڕ گەڕانی ئازادانەی سەرمایەکان لە هەموو جیهاندا.

تەوەری فەرهەنگی: گەشەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری تێکنۆلۆژی پەیوەست بە ئامرازەکانی پێوەندی لەوانەش ئینتێرنێت و سەتەلایت بووە هۆکارێك لەمەڕ چڕبوونەوەی هەرچی زیاتری کات و شوێن و لەم ڕاستایەشدا نیزیکبوونەوەی هەرچی زێدەتری فەرهەنگی گەلانی جیهان و دروست بوونی پردێکی لەبار بۆ لێكتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای جیهانی. بەمشێوەیەش فەرهەنگێکی هەمەڕەنگ کە نوێنگەی ویستی زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی جیهان بێت بیچمی گرت.

تەوەری کۆمەڵایەتی – سیاسی: دەتوانین بە بێ گومان پێ لەسەر ئەو کەتوارە دابگرین کە پرۆسەی گلۆبالیزەیشێن بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازە نوێیەکانی پێوەندی گرتن بووە هۆکارێك بۆ ئەوەیکە جێگەوپێگەی تاکەکان و ڕێکخراوە ناحکوومەییەکان سەقامگیرتر ببێت و بەمشێوەیەش بتوانن وەکوو لایەنگەلێکی خاوەن باندۆڕ، کاریگەری لەسەر دەوڵەتەکان دابنێن و ویست و پلان و بڕیارەکانی خۆیان لە نێو بڕیار و یاسا حکوومەتییەکاندا جێگیر بکەن. بەکورتی مافی پرسیارکردن لە ڕۆڵی حکوومەت و دەوڵەتەکان کە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دێمۆکراسی بەشێوەیەکی گشتگیر جیهانی تەنییەوە.

تەوەری زانستی و تێکنۆلۆژی: ڕەنگە بتوانین ئەم تەوەرە بە ماکەی سەرهەڵدانی دیاردەی بەجیهانیبوون ناو ببەین. پرۆسەی بەجیهانیبوون بەهۆی ئەو شۆڕشە زانستییە کە لە یەك سەدەی ڕابردوودا خۆی پیشاندا هاتەئاراوە. بەواتایەکی دیکە شۆڕشی زانستی، زانستی فەننی، زانستی پێوەندییەکان و هێزی مرۆیی پێکەوە توانییان ببنە داینەمۆی سەرەکی پرسی گلۆبالیزەیشێن. بەمپێیەش دەکرێ بڵێین بەجیهانیبوون و شۆڕشی زانستی و زانیارییەکان لەهەمان کاتدا کە لە یەکتر جیاوازن بەڵام گرێدراوی یەکتریشن. گلۆبالیزەیشێن بەهۆی شۆڕشی زانیارییەکانەوە ڕێگەی بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزارییە زانستییەکان بەشێوەیەکی خێرا و بەپەلە خۆش کرد و چەمكگەلێکی وەك بازرگانی ئازاد، ڕاگواستنی ئازادی زانیارییەکان و فێرکاری ئازادی هێنایە گۆڕێ.

ئێران و پرسی پێوەندییەکان

لە ساڵی ١٨٥٦ی زایینیەوە کە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ناسرەدینشای قەجەر هێڵی تێلێگراف لە ئێراندا دامەزرا تاکوو ئێستا وڵاتی ئێران لەگەڵ ئەوەیکە بەرەوڕووی تەنگ و چەڵەمەی سیستماتیکی حکوومەتە ناخەڵکییەکان بۆتەوە توانیویەتی کەم تا زۆر هاوشان لەگەڵ تێکنۆلۆژییە نوێیەکانی پێوەندی خۆی ڕێك بخات و لەم کاروانە بەجێ نەمێنێت. حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر ئێران بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران بەبەردەوامی لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە گەلانی ئەم وڵاتە لە دەستپێڕاگەیشتن بە ئامرازە نوێیەکانی پێوەندی گرتن دور بخەنەوە ئەمەش بە دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەم دوور خستنەوەی ئەم نەتەوانە لە وەدەستخستنی زانست و زانیاری نوێ لەسەر بنەمای دۆکتۆرینی هەژاری فکری و فەرهەنگی و دووهەم بڵاوکردنەوە و پەرەدان بە باوەڕ و ئایدیا دوگم و ڕەهاگەراکانی حاکمان.

پڕ ئاشکرایە کە چوونەسەری ئاستی زانیاری خەڵك ئاستی چاوەڕوانی و داواکارییەکانی ئەو خەڵکە دەباتە سەرێ. لە سەردەمی ئێستاشدا ئەوە تێکنۆلۆژی نوێی پێوەندییە کە ئەرکی گوواستنەوەی زانیارییە نوێیەکانی لە هەموو بارێکەوە لە ئەستۆیە. هەربۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی نارەوای خۆیان بە تێگەیشتن لەو ڕاستییە ڕێیان لە پەرەگرتنی ئەم تێکنۆلۆژیانە گرتووە. هەوڵێکی بێکۆتایی کە دەرەنجامەکەی تەنیا زیادبوونی ڕق و بێزاری لە سیستمی حاکمی بەدواوە بووە. بە ئەهرێمەنی ناوزەدکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەوانە سەتەلایت، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی دیشەکانی ماهوارە، فیلتێرکردنی سایت و ماڵپەڕ و وێبلاگ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ناردنی پارازیت بۆ سەر سەتەلایتە دەرەکییەکان، کوڵگرتن لە پێوەندییە تەلەفوونی و ئینتێرنێتییەکان و ....چەند هەوڵێکی لە ئاوڵەمەدا خنکاوی ڕێژیم بووە کە خۆبەخۆ ئەو ڕستەیە وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە کە دەگوترێ «بە بێژنگ پێش بە تیشکی خۆر ناگیرێت».

ئەوەیکە جێگەی سرنجە ئەوەیە کە ڕێژیم بە هەمان ئامرازی پێوەندی کە بۆ خەڵك بە بڤەی دەزانێت و وەك دەسکردی بێگانە و ئەهرێمەنی ناوی لێدەبات هەوڵی پاراستنی سیستمی حوکمڕانی خۆی و پەرەدان بە ئایدیاکانی دەدات، لەڕێگەی دەزگای دەنگ و ڕەنگ، سینما، سەتەلایت، ئینتێرنێت و .... وەك ئەوەی بڵێی تەنیا حاکمانی سەرەڕۆ دەزانن کە کەڵکی باش لەم تێکنۆلۆژییانە وەربگرن و خەڵکی ئاسایی کەلتوری کەڵكوەرگرتن لە زانست و تێکنۆلۆژییان نیە.



# دیمانە لەگەڵ یاسین خێڵانی نووسەر لەبارەی پێگەی هونەریی عەباس کەمەندی

سازدانی: شەریف فەلاح

**بەشی یەکەم:**

**١ـ خوێندنەوە و تێڕوانیتان بۆ کەسایەتیی هونەریی عەباس کەمەندی چییە و چۆن هونەرەکەی پێناسە دەکەن؟ چ تایبەتمەندیگەلێك لە هونەری عەباس کەمەندیدا هەیە، کە بەم چەشنە بەرز و خاوەن پێگە و سەنگە لە هونەردا؟**

**وەڵام:** دەبێت ببورن من وەڵامی هەردوو پرسیارەکە دەکەم بەیەک.

ئەگەر بڵێم عەباس کەمەندی بۆ من یەکێکە لەو هونەرمەندانەی تا ئێستا لە نێوەندی هونەری کوردیدا ئاشنا بوو بێتم پێی، کە دەتوانم بە ڕاستی پێی بڵێم هونەرمەند، لەبەر ئەوەی من زۆرجار ئەم قسەم کردووە، کە دەبێت ئێمە هونەری گۆرانی گوتن لەسێ پلەدا ڕیزبەند بکەین، (دەنگخۆش، گۆرانیبێژ و هونەرمەند).

هەموو دەنگخۆشێک مەرج نییە ببێتە گۆرانیبێژ، هەموو گۆرانیبێژێکیش مەرج نییە هونەرمەند بێت، ئەم جیاکاریەش لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا هەیە، بەڵام هونەرمەند شتێکی ترە، ئەو پلەیەکی مەعریفی هەیە، ئەویش هونەرە، ئەڵبەتە هونەر لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەش بۆ هەموو جۆرێک لە دەسترەنگینی، شارەزایی، لێهاتوویی، بەهرەو داهێنانێک، تەنانەت زانستەکانیش بەکارهێنراوە. دیارە قسەکردن لەسەر هونەر کەمێک ئاڵۆزەو پێویستی بە ڕاڤەکردنێکی مێژوویی قوڵ هەیە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا بە وشەیەک دەیڵێم ئەوەیە؛ هونەر واتە داهێنان لەهەر بوارێکدا بێت ئیستاتیکایەکی باڵا بخولقێنیت، ئەوەی نەتوانێت لە پیشەکەی خۆیدا داهێنان بکات مافی ئەوەی نییە پێی بڵێیت هونەرمەند، بۆیە بۆ من هەندێکجار ئاوازی ئەو چەکوشەی ئاسنگەرێکی کورد ئاسنێکی گەرمی پێ نەرمدەکات هونەری زۆرتر تێدا دەبینم لەو گۆرانییانەی لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ کەس هونەری مۆسیقای کوردیان لەهەموو هونەرو جوانییەک پێ داماڵیوە.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی هونەر ئەوەیە، پێویستە لە کۆی هەست و ناو دڵ و ڕۆحی پیشەوەرەکەوە بێتە دەرەوە، ئەگینا نابێت بە هونەر، ئەو ئاسنگەرەی کاتێک بە نیازی کوتانی ئاسنە گەرمەکە چەکوشەکەی بەرزدەکاتە کۆی هێز، تواناو وزەکانی بەشێوەیەک دەخاتە گەڕ تا بتوانێت گوێی لەناڵەی ئەو شوێنە بێت ئەیکوتێت، ئەمە هونەرە، نەک تۆ بڕۆیت لەملاو هەندێک شت بهێنیت، تەنانەت لەگەڵ سەلیقەی خودی خۆشتدا نەگونجێت و بە هونەر بە ئێمەی بفرۆشیت، ئەمەیە عەباس کەمەندی لە ئەوانی تر جیادەکاتەوە، کاتێک گۆرانی دەخوێنێت، شیعر دەنووسێت، تابلۆ دەکێشێت بەئاسانی هەست بەوە دەکەیت ئەم پیاوە دەیەوێت بە ڕۆحی ئاشنا بین، گوێمان لە ترپەکانی دڵی و نیگەرانییەکانی بێت، هونەر لەمە زیاتر نییە، کە وەک چۆن کانییەکی ڕوون لەناخی زەوییەوە هەڵدەقوڵێت و ڕێچکە دەگرێت و بە بێ ئەوەی ئاور لەهیچ کەسێک بداتەوە ملی ڕێگای خۆی دەگرێت، هونەریش ئەبێت وابێت، لەناخی هونەرمەندەکەوە هەڵقوڵێت.

تایبەتمەندی هونەری عەباس کەمەندی وەک ئەو کانییە ڕوونە وایە لەناخی دڵییەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیە ئەوەندە سازگارە هەموومان تامەزرۆین، ئەو پیاوێکە لە سروشت، بۆیە لەهەر کارێکی بڕوانین یان گوێ بگرین زیاتر لە سروشت نزیکمان دەکاتەوە، چونکە ئێستا قسە زۆرە لەسەر ئەوەی دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە سروشت مرۆڤی شێواندووە، بەڵام عەباس کەمەندی زاهیدێکی خەڵوەتنشینی ناو جوانییەکانی سروشت بوو، ئەو عاشقێکی سەرمەست بوو بە سروشت، ئەو لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە دەیویست ئێمەو سروشت ئاشت بکاتەوە، دەیویست لەبری ئەوەی خۆشەویستی بکەین عاشق بین و لەناو عەشقدا بتوێینەوە، ئەو عاشقێکی بێوێنە بوو، هونەرەکەی بەشێک بوو لە عەشقەکەی بۆ خودی کارەکانی، بۆیە دەوترێت هونەری باڵا ئەو هونەرەیە، کە هونەرمەندەکە بە عەشق و خۆشەویستییەوە بیکات، لەناخ و دڵییەوە بێتە دەرەوە، ئەو هەر کارێکی لەهەر بوارێکدا کردبێت بە عەشقەوە کردوویەتی.

**٢ ـ لە سەردەمێکدا کە باس لە پسپۆڕی، شارەزایی و پۆلێن بەندیی هونەرەکان دەکرێت، ئاخۆ دەکرێت کەسێك لە یەك کاتدا لە زیاتر لە ٥ بواری هونەریدا شارەزا بێت، پێتان وایە عەباس کەمەندی چی کردووە کە سەرکەوتوو بووە؟.**

**وەڵام:** هەندێک کەس هەن زۆر تایبەتن، واتە یەکجار لەدایک دەبن و ئیتر بۆ هەتا هەتایە ئاوا دەبن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە چۆن بتوانین سود لە تواناکانی ئەو کەسانە وەربگرین! چۆن بتوانین پشتیوانیان لێ بکەین بۆ ئەوەی تواناکانیان بخەنە گەڕ!. زۆرجار بەهرەو تواناکانی مرۆڤ نەبەستراوە بە بواری ئەکادیمیاوە، ئەکادیمیا دەتوانێت پەرە بە بەهرەکان بدات و پێشیان بخات، بەڵام ناتوانێت مرۆڤێکی نا بەهرەمەند بکات بە بەهرەمەند، چۆن دەڵێن؛ کەسانێک هەن هەرچی کتێبی ئەم دونیا هەیە بیخوێننەوە ناتوانن ببن بە نووسەر یان شاعیرێکی سەرکەوتوو، لەبیرت نەچێت، ئێمە حەسەن زیرەکمان هەیە، وەک دەڵێن ئەو پیاوە نەخوێنەوار بووە، نەخوێنەوار بە واتای ئەوەی هیچ ئەلف و بێیەکی نەخوێندووە کەچی جگە لە هونەرەکەی بۆ من زمانزانێکی شارەزاش بووە، کاتێک گوێ لە گۆرانییەکانی دەگریت بە ڕوونی هەست بەوە دەکەیت، کە چ زمانێکی پاراوو کوردییەکی جوانی زانیوە.

کاتێک سەیری کارو ژیانی عەباس کەمەندی دەکەیت بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەیت، ئەم پیاوە بەتەنها بۆ هونەر لەدایکبووە، هونەرەکەشی بەشێک بووە لە ئازارەکانی، هەموو ئەو مرۆڤانەی لەمێژوودا کاری مەزن و گەورەیان کردووە هەمیشە ئەوانە بوون زۆرترین ئازاریان هەبووە. ئێمیل سیۆران دەڵێت: «ئازار بەرهەمێکی مەعریفەیە» ڕەنگە ئەمەش هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی جگە لە هونەری موزیک پەل بۆ زۆر شوێنی تر ڕابکێشێت. لێرەشدا هەست دەکەیت ئەو لەڕێگای تواناو بەهرەکانی خۆیەوە هەستی بە بەرپرسیارەتی کردووە، کە شوێن داستان و ئەفسانەی کوردی بکەوێت و زیندوویان بکاتەوە، چونکە ئەو درکی بەوە کردبوو هەر گەلێک ئەفسانەی نەبێت نە مێژوو نە کولتوری نابێت، ئەگەر ویستت کولتورو مێژووی گەلێک بناسیت بڕۆ ئەفسانەکانیان بخوێنەوە. ئەلبێرت ئاینشتاین وتەیەکی جوانی لەسەر ئەفسانە هەیە، کە دەڵێت: «ئەگەر منداڵێکی زیرەکتان دەوێت، بڕۆن ئەفسانەیان بۆ بخوێننەوە، ئەگەر زیرەکترتان دەوێت زیاتر ئەفسانەیان بۆ بخوێننەوە» ئەمەیە کەمەندی کردووە بە کەسێتییەکی جیاواز، کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو خۆشەویستی هونەردا ببەخشێت بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دەستخۆشی هیچ کەسێک بێت.



# قالە مەڕە

عومەر غوڵامعەلی

شەو بەسەرچوو، ڕۆژ ماویەتی هەستێ لە خەو، جارێ هەروا بە خەبەرم

گوێم لە شمشاڵەکەی قالە مەڕەیە.

شانێك بوو لە شکۆی چیا

چنارێك بوو لە جوانیی دارستانی بەر هەتاو

باڵبالینی پەپوولەی مێرگی گوڵاڵەی هونەر لە نیشتمانەکەی

ئەو و کێو، ئەو و مانگ و ئەو و باران

ئەو و چۆم و ڕووبار

دوندەکان، پێدەشت و بەستێنەکانی مێگەلەکانی

شمشاڵەکەی بەر پشتێندی و توربینی نانی شوانی

هەواکانی ئاوێتەی نیگاری زێدەکەی

ئافرێنەری ئەوین و جوانی.

لە منداڵییەوە بە ژینۆی ژیانی کەژ و کۆدا دەشنایەوە و لە باوەشی دایکانەی زەرد و ماوتەوە بەردینەکانی دا دەحەسایەوە. ئەو دەمەی مانگەشەو ئەیدا لە هیواکانی و لاواندنەوەی «با» باخەکانی « کولیجە»ی ڕادەژاند، شنەیەك لە هەوای شمشاڵ لە خەیاڵی دەگەڕا، لە لەنجەی پەنجەکانی باب و مامەکانی دەڕوانی، پڕ دەبوون لە زایەڵەی دەنگی شمشاڵا سۆز و خەمەکانی، چاوەکانی.

قاڵەمەڕە، هونەرمەندێکی دەروەست، گەل خۆشەویست و نیشتمانپەرەست، ئازار و ئاواتی نەتەوەکەی لە هەوای شمشاڵەکەیدا دەنگیان دەدایەوە و هەڵیان دەدایەوە.

زۆردارییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی هەمبەر گەلەکەی تا ناخ و ئێسکان کروشتبوونی، هەر بۆیە ئەو زامانەی شمشاڵی کوردی لە ناخیدا ناشتبوونی، لە شۆڕشی سەر لە نوێی خەڵکی کوردستانەکەی دا هاتنەوە سوی و «ئەو» لە گەڕووی شمشاڵەوە هەناسەی کردە هەتوانی بڕینی سەربردە.

شمشاڵەکەی هەموو بەیانیان، هەموو نیوەڕۆیەك و ئێواران، لە دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، لە بانگی ئازادیی پێشمەرگەکانەوە، دەبووە میوانی ڕەزاسووکی هەموو ماڵان، داستانی مێژینە و نوێی نیشتمانەکەی بۆ دەگێڕانەوە. لە شاییدا دەیهێنانە داوەت و لە خەم و ئازارەکانیاندا دڵی دەدانەوە



## بڵاوکراوەی نوێ

**«پشیلەیەك لە جانتادا» ناوی یەکەمین بەرهەمی چاپکراوی بەهار حسێنی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کچی شاعیری جوانەمەرگ و ناسراوی کورد «ژیلا حسێنی»یە. ئەم دیوانە شیعرە لە لایەن سەنتەری «ڕێژیار»وە و لە تیراژی ١٠٠٠ دانەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. هەر لەو پەیوەندییەدا خاتوو بەهار بە ڕۆژنامەی کوردستانی ڕاگەیاند کە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا دووهەمین بەرهەمی چاپکراوی خۆیشی دەخاتە بەر دیدی خوێنەران. وێڕای دەستخۆشی لە خاتوو بەهار حسێنی، هیوای بەردەوامی و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین**



KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 653 ▪ 21 May 2015

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

## کاریگەرییە سەیرەکانی وای فای




لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە تیشکەکانی تۆڕی وای فای کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر تەندروستی و حاڵەتی دەرونی مرۆڤ هەیە.
زانایانی زانکۆی کالیفۆرنیا لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامداوە کە تیۆرییەکانی پێشویانی پشتڕاست کردووەتەوە کە پێیان وابوو تۆڕەکانی وای فای کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە.
سەرباری ئەوەش دەبێتە هۆی سیسبوونی هەموو ڕووەکان جگە لەڕووەکی زوانە خەسوو (هەنجیری دڕکاوی) کە نەك هەر کاریگەری لەسەری نیە بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو ڕووەکە بەهۆی وای فاوە زوتریش گەشەدەکات.
زانایان لێکۆڵینەویان لەسەر ٥٠٠ خێزان ئەنجامداوە کە ڕۆژانە وایفایان بەکارهێناوە، ئەنجامەکان دەریانخستووە کە ئەو خێزانانە نیشانەی نەخۆشی تیایاندا دەرکەوتووە و کەموکورتی لەکاری کۆئەندامی هەرسیاندا ڕویداوە.
هەروەها ئاستی فشاری خوێنیان بەرزبووەتەوە و چەند نەخۆشییەکی دیکەیان تێدا دەرکەوتووە.
هەروەها دەریش کەوتووە کە وای فای دەبێتە هۆی تێکچونی خەوی منداڵ و ئەو کەسانەی هەستیارن و بۆیە پسپۆڕان ئامۆژگاری خەڵك دەکەن لەشەودا وایفایەکەیان بکوژێننەوە.

## حەوت شاری جیهان لە داهاتوودا لەنێودەچن



زانایان حەوت شاری جیهان دەستنیشان دەکەن کە پێش کۆتایی هاتنی ئەم سەدەیە لەسەر زەوی نامێنن.
زانایانی زانکۆی کالیفۆرنیا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایانگەیاند: ئەو حەوت شارەی تا کۆتایی هاتنی ئەم سەدەیە دیارنامێنن، دەکەونە چەند وڵاتێکی جیهان، لەوانە شاری ئیفانۆڤۆ-ی ڕوسیا و دیتریۆیت و سانفرانسیسکۆ لە ئەمریکا و مێکزیکۆسیتی لە مێکزیك و هەردوو شاری ناپوولی و ڤێنیز لە ئیتالیا و تمبکۆ لە مالی.
زانایان لەسەر بنەمای توێژینەوە لە ژێرخان و پێگەی جوگرافی و دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو شارانە، پێشبینییەکەیان داڕشتووە و بۆ هەر شارێك هۆکارێکیان دیاریکردووە کە دەبێتەهۆی لەنێوچوون و دیارنەمانی.
بۆ نموونە، بۆ شاری ڤێنیز لە ئیتالیا پێشبینیان کردووە کە ئەوشارە وردە وردە ژێر ئاو بکەوێت، مێکزیکۆسیتی کە بەهۆی ئەوەی لە بنی دەریاچەیەکی وشکدایە ڕەنگە خۆڵ دایپۆشێت، سەبارەت بە شاری ئیڤانۆڤۆی ڕووسیاش کە بە (شاری بووکەکان) ناسراوە، پێشبینیان کردووە بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارە لە ڕەگەزی مێن، ڕێژەی لەدایکبوون زۆر کەم ببێتەوە، ئەمە جگەلە نەبوونی هەلی کار لەو شارەدا کە زۆربەی گەنجەکان ناچارن بەجێی بهێڵن.
لەسەر شاری ناپوولی ئیتالیاش، زانایان پێشبینییان کردووە کە بەهۆی بورکانەکانی (فیزۆف) کە ئەوەندە لێی دوورنییە، ئەو شارەش لەنێوبچێت، بۆ شارەکانی دیتریۆیت و سانفرانسیسکۆش پێشبینیان کردووە کە بەهۆی زەمین لەرزەیەکی بەهێزەوە لەنێوبچێت و شاری تمبکۆی مالیش وەك مێکزیکۆسیتی خۆڵ دایپۆشێت.

## سوودە خۆراکیەکانی مۆز بەگوێرەی ڕەنگەکەی دەگۆڕێت

زۆربەی پزیشکان پێشنیاری خواردنی مۆز دەکەن بەشێوازێکی ڕۆژانە بەهۆی ئەو سوودە تەندروستیانەی هەیەتی بەتایبەتی کە هەڵگری ژمارەیەکی زۆر لە دژە ئۆکسید و ڤیتامینەکان و کانزا پێویستەکانە بۆ جەستەی مرۆڤ.
مۆز بەوە بەناوبانگە کە بە ئاسانی هەرس دەکرێ. هەروەها مۆز هەڵگری دژە ئۆکسیدە کە دەزگای بەرگری بەهێز دەکات و کۆنترۆڵی چەندین نەخۆشی شێرپەنجەیی دەکات. هەروەها بە سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەندی ڤیتامین (بی ٦) دادەنرێت کە بەشداری دەکات لە پارێزگاری کردن لە کەم خوێنی و پاراستنی تەندروستی دڵ و خوێنبەرەکان. جگەلەمە مۆز دەوڵەمەندە بە چەندین کانزا وەکوو ئاسن و مس و مەنیەزیۆم و پۆتاسیۆم. بەڵام سوودە خۆراکیەکانی مۆز بەگوێرەی ڕەنگەکەی دەگۆڕدرێ.
مۆزی سەوز: ئەم جۆرە مۆزە لەچاو مۆزی زەرد شەکری کەمترە، بۆیە دەکرێ ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە مۆزی سەوز بخۆن. جگەلەمە مۆزی سەوز هەڵگری چەندین بەکتریای سوودبەخشە کە یارمەتی پارێزگاری کردنی تەندروستیی ڕیخۆڵەکان دەدات، هەروەها یارمەتی جەستە دەدات لە هەڵمژینی مادده خۆراکیەکان بەتایبەتی کالسیۆم، بەڵام کۆنترۆڵی نەخۆشیە شێرپەنجەییەکان ناکات.
مۆزی زەرد: وا باشە و سوود بەخشە کە مۆزی تەواو پێگەیشتوو بخورێ چونکە بە ئاسانی هەرس دەکرێ، توێژینەوەکان سەلماندویانە کە مۆز هەرچەند زیاتر پێبگات ئەوا تواناکەی زیاد دەبێت لە کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشیە شێرپەنجەییەکان.
مۆزی زەرد کە پەڵە و خاڵی ڕەشی تیایە: ئەو خاڵەی کە سەرهەڵدەدات لەسەر توێکڵی مۆز بە سوودبەخش دادەنرێت چونکە مانای ئەوەیە کە مۆزەکە خەریکە ماددەیەك دروست دەکات کە پێی دەوترێت (تی ئێن ئێف) کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی خانە شێرپەنجەییەکان و خانە ناسروشتیەکانی هەیە. لە هەمووی گرینگتر هەرچەند مۆزەکە ڕەنگی زیاتر ڕەش بێ هێندە زیاتر کاریگەری دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوە و کۆنترۆڵ کردنی شێرپەنجە.



## زایەڵە

### دارمانی هێڵە سوورەکان

**فاتیح ساڵحی**

لە سەرەتای دەسپێکی دانووستانە ناوکییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی، لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە کۆمەڵێك هێڵی سوور دەسنیشان کران کە دەبوایە دانووستانکارانی کۆماری ئیسلامی لە وتوویژ لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ لەبەرچاوی بگرن و بە گوتەی خۆیان پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن. بەڵام بەرە بەرە ئەم هێڵە سوورانە لە ژێر زەخت و گوشاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی ڕەنگیان گۆڕی و بوون بە هێڵی شین و هەندێ هێڵی سووری دیکە دیاریی کران کە ئەویش وێناچێ تا سەر سوور بمێننەوە. هێڵە سوورەکانی ئێران لە دانووستانە ناوکییەکاندا بریتی بوون لە:
١-پاراستنی قەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستی پێویستیی بێ ئەملا و ئەولای وڵات (١٩٠ هەزار سوو).
٢-دانەخرانی هیچ کام لە دامەزراوە ناوکییەکانی وڵات.
٣-پاراستنی ریاکتۆری ئاوی قورسی ئەراك و بنکەی فۆردۆ هەروەك ئێستا کە هەن.
٤-بەرتەسك نەبوونەوەی پرۆگرامی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان.
٥-پاراستنی هەموو مافەکانی ئێران بەپێی کونوانسیۆنی ئێن پی تی.
٦-هەڵوەشانەوەی یەکجارەکی هەموو گەمارۆکان. بەڵام هەروەك هەموو لایەك ئاگادارن لە ئەنجامی واژۆکردنی لێکتێگەیشتنی لۆزان و بڵاوبوونەوەی فەکت شیتی دانووستانەکان لە لایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە بە جوانی دەرکەوت کە هیچ کام لە هێڵە سوورانە لە دانووستانەکاندا لەبەرچاو نەگیراون و لایەنی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕازیی نەبووە بە هیچ کام لەم هێڵە دەسنیشانکراوانە. هەرچەندە بۆ ئەوەیکە بارودۆخی نێوخۆیی و کێبەرکێی باڵەکانی نێو ڕێژیم بەرەو ئاقارێکی خراپ نەڕوات بە جۆرێکی دیکە و بە شێوەیەکی یەکسەر تەشکگۆڕا ئەم هێڵانە کەوتنە نێو دەیان کەوانی یاسایی کە وێناچی لە کۆتاییدا هیچیان وەك خۆی بمێنێتەوە. ڕۆژئاوا ئامادە نەبوو کە ئێران خاوەنی ١٩٠هەزار سوو بێت. زۆربەی دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران دەبێ دابخرێن. ڕیاکتۆری ئاوی قورسی ئەراك دەبێ بەشێوەیەك بگۆڕدرێ کە چیدیکە توانای بەرهەمهێنانی پۆلۆتۆنیۆمی نەبێت و فۆردۆش دەبێتە بنکەیەکی سەرەتایی لێکۆڵینەوە بۆ ئیزۆتۆپە پزیشکییەکان. پرۆگرامەکانی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی ئێران بە تەواوی و بە شێوەیەکی ئامانجدار بەرتەسك دەکرێنەوە. کوانسیۆنی ئێن پی تی بە شێوەیەکی تایبەتی و بەدەر لە پرۆتۆکۆلەکە لەسەر ئێران بەرێوە دەچێت. هیچ کام لە گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵناوەشێنەوە بەڵکوو هەڵدەپەسێردرێن ئەویش تەنیا ئەو گەمارۆیانەی کە پێوەندییان بە کێشەی ناوکییەوە هەیە.
هەربۆیە کاتێ ڕێبەری ڕێژیم بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ هێڵە سوورەکانی بباتە سەر و هەموو هێڵە دەسنیشانکراوەکانی دارمان، ئێستا باس لە دوو هێڵی سووری دیکە دەکات کە لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا لە زانکۆی ئیمام حوسێن بە ڕاشکاوانە باسی کرد. یەکەم: ئیزن نادەم هیچ کام لە بنکە سەربازییەکانی ئێران بکەوێتە ژێر چاوەدێرییەوە. دووهەم: ئیزن نادەم لێکۆڵینەوە لەگەڵ هیچکام لە زانستڤانانی ناوکی وڵاتدا بکرێت.بە جوانی ڕوون دەبێتەوە کە کۆماری ئیسلامی تا چ ڕادەیەك زەختی لەسەرە و ڕۆژئاواش باش تێگەیشتووە کە ئەگەر پێداگرییەکی زیاتر بکات دەتوانێ ئەم دوو هێڵە سوورەی دیکەش ببەزێنێ و بە تەواوی لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەدا ئێران بە چۆکدا دابێنێت.